کەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5647) چوارشەممە 5ی کانوونی یەکەم 2018 «16» لاپەڕە «500» دینار



3

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد



2

عەبدولمەهدی نەیتوانی کابینەی حکوومەتەکەی تەواو بکات

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی لوبنان و شاندی یاوەری دەکات

سەرۆک بارزانی: کۆمەڵگەی کوردستانی هزری تیرۆر و ئینکار ڕەتدەکاتەوە

وەزیری دەرەوەی لوبنان پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی لەدژی تیرۆریستانی داعش لە سەرۆک بارزانی کرد



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای حکوومەتی لوبنان بە سەرۆکایەتیی جوبران باسیل وەزیری دەرەوەی لوبنان کرد. یاوەرانی وەزیری دەرەوەی لوبنان، وەزیری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ژمارەیەک گەورە ڕاوێژکاری حکوومەتی لوبنانی بوون.
لە دیدارەکەدا وەزیری دەرەوەی لوبنان پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی لەدژی تیرۆریستانی داعش لە سەرۆک بارزانی کرد و پێزانینی هەبوو بۆ قوربانیدانی خەڵکی کوردستان لە شەڕی تیرۆریستان. هەروەها سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد کە ئاسانکاریی تەواویان بۆ کۆمپانیا و هاوڵاتیانی لوبنانی فەراهەم کردووە و ئامادەیی وڵاتەکەیشی ڕاگەیاند بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکانی نێوان هەردوولا و هەروەها هاوکاری و لەیەکنزیکبوونەوەی زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی لوبنان و هەرێمی کوردستان.
لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی بە گەرمی بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد و خۆشحاڵیی خۆیشی بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لە بواره جیاجیاکانی نێوان هەردوولا نیشاندا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تیرۆر و هەروەها قوڵکردنەوەی فەرهەنگی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن تاوتوێ کرا و سەرۆک بارزانی ڕۆشنایی خستەسەر فەرهەنگی دێرینی گەلی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەک حەساسیەتی ئایینی ومەزهەبی و نەتەوەیی لە بەرانبەر پێکهاتەکان نیە و ڕایگەیاند کۆمەڵگەی کوردستانی هزری تیرۆر و ئینکار ڕەتدەکاتەوە. لەبارەی بارودۆخی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکانی شەڕی داعشیش سەرۆک بارزانی ڕایگەیاند کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە یارمەتیدانی ئاواره و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم بووە.
بارودۆخی سیاسیی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو.

پێکهاتەکان پێشوازیی لە کاندیدەکانی پارتی بۆ هەردوو سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و حکوومەت دەکەن 2

د. مەحمود عوسمان: هەنگاوی پارتی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی زۆرینە زۆر باشە و دروستە



بڵند ئیبراهیم: سیاسەتمەدارێکی کورد دەڵێ، ئەوەی گرنگە کاندیدانی سەرۆکی حکوومەت و هەرێم لە ژێر ڕێنماییی سەرۆک بارزانی دەبن و سەرۆک بارزانی سەردانی بەغدای کردووە و دەیەوێت لە ناوخۆش کێشەکان چارەسەر بکات و خۆیشیان وەکو کەسایەتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

د. مەحمود باسی لەوەش کردووە: من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ حکوومەتی بنکەفراوان نیم و پێویستە حکوومەتی زۆرینە دروست بکرێت، لە ڕابردوو حکوومەتی بنکەفراوان هەڵە بوو، چونکە ناکرێ هەموو خەڵک لە ناو حکوومەت بێت و پێویستە خەڵکانێک ئۆپۆزیسیۆن بن بۆ ئەوەی چاودێریی حکوومەت بکەن، چونکە سیستەمی پەرلەمانی پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی هەبێت، بۆیە ئەو هەنگاوەی پارتی بارزانی کار دەکەن و سیاسەتی ئەویش ڕوونە و سەردانی بەغدای کردووە و دەیەوێت لە ناوخۆش کێشەکان چارەسەر بکات و خۆیشیان وەکو کەسایەتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

نوێ دروست بکەن و پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمیش لە پەرلەمان بڕیاری لێ بدرێت، کە لە ناو پەرلەمان هەڵبژێردرێت، یان لە ناو خەڵک. د. مەحمود عوسمان گوتیشی: ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە کە ئەگەر مەسروور بارزانی بێت، یان نێچیرڤان بارزانی بە ڕێنماییی سەرۆک لەوبارەیەوە دەینێت دروستە و زۆر باشە کە باس لە پێکهێنانی حکوومەتی زۆرینە دەکات. ئەو سیاسەتمەدارەی کورد ئەوەیشی خستەڕوو: حکوومەتی داهاتوو یەکێتی تێیدا بەشدار دەبێت و جارێ دیار نییە کە گۆڕانیش بەشدار دەبێت، یان نا، بەڵام ئەوەی بەشداری بێت پێویستە پابەندی بەرنامەی حکوومەت بێت و نابێ لە ناو حکوومەتیشدا بن و دژایەتیشی بکەن، بۆیە پێویستە پشتگیری لە سیاسەتی حکوومەت بکەن، ئەگەرنا با ببنە ئۆپۆزیسیۆن، بۆیە پێویستە پارتی ئەمە بکاتە مەرج کە ئەمجارە ئەوەی بەشدار بێت پێویستە بەرپرسیارەتی هەڵگرێت.



4

سلێمانی.. کاردانەوەکان بەرامبەر هەوڵی کوشتنی پزیشکێک

ڕێبوار تاڵەبانی:
دەبێت کورد لەگەڵ حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی مادەی 140 یەکلابکاتەوە

زیاتر لە لاپەرە 4 بخوێنەوە

کاراکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم

سەلام عەبدوللا

لەدوای ڕاپەڕین یەکێک لەو کاره گرنگانەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی پێی هەستان، هەڵبژاردن بوو کە بۆ یەکەمین جار کورد خۆی نوێنەرانی خۆی بۆ ئەو دەستگا گرنگە دیاری بکات و نوێنەرایەتی بکات، چونکە ئەو دامودەستگا کارتۆنییانەی حکوومەتی عێراق بەناوی ئەنجوومەنی یاسادانان و بەڕێوەبردن، تەنها بۆ ئەو کەسانە بوون کە حکوومەت خۆی دەستنیشانی دەکردن و هەڵبژاردن تەنها گەمەیەکی گاڵتەجاری بوو کە دەرهەق گەلەکەمان دەکرا، بۆیە ئەمجارەیان گەلەکەمان بە ئازادی و سەربەستی چووە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگی خۆی بە حزبی دڵخوازی خۆی داو بەوپێیەش پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەمین جار بەدەستی کورد خۆی دامەزرا.
لەساڵی 2005 هەڵبژاردنی سەرۆک بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەک یەکەمین سەرۆکی هەرێم دەستنیشان کرا، ئەویش لە سۆنگەی ئەوەی هەرێمەکەمان پێویستی بە سەرۆکایەتی و پۆستی سەرۆک هەیە کە بتوانێ نوێنەرایەتی دانیشتوانی هەرێم لەناوەوەو دەرەوە بکات و کۆمەڵێک دەسەڵاتی یاسایی پێ بەخشراو لەساڵی 2009 جارێکی تر سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە بە زۆرینەی دەنگ دەستنیشانکرا.
ئەم دامەزراوە گرنگە کە لەلایەن کەسایەتییەکی سیاسی بە ئەزموون و خاوەن میژوویەکی دوورودرێژ هەر زوو کەوتە بەر تانەو تەشەری ناحەزانی ناوخۆو دەرەوە، بە تاستێک کە ڕۆژانە لێرەو لەوێ شەقام دەبزوێندراو دژایەتی ئەو پۆستە دەکرا بە کۆمەڵێک پاساوی بێ جێ، گوایە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆرەو دەبێ هەموار بکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا خودی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتانەی بەسەرۆک بەخشی بوو وەک هەر دامەزراوەیەکی تری هەرێم و لەچوارچێوەی یاسادا کاری ڕۆژانەی خۆی دەکرد.
راستە ئەم پۆستە بۆ دوو خول دیاری کرابوو، بەڵام هێرشی داعش بۆ سەر هەرێم و ئەو بارە سەختەی بەرۆکی هەرێمی دەگرت مۆڵەتی هەڵبژاردنی نەدەدا، بۆیە سەرۆک وەک ئەرکێکی نیشتمانی لەکارەکەی بەردەوام بوو تا ئاو کاتەی ئامادەنەبوو پۆستەکەی بۆ درێژبکرێتەوە. ئەو پۆستە تا ئەمڕۆ بە بەتاڵی ماوەتەوە کە بۆشاییەکی گەورەی لە هەرێمدا خولقاندووە.
ئێستا کە نزیکەی هەموو لایەک سوورن لەسەر کاراکردنەوەی ئەو پۆستە گرنگە کە ناحەزان هەوڵیان دەدا هەر نەمێنێ وا جارێکی تر پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆی بۆ ئەو پۆستە دیاری کردووە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یە، کە خاوەن ئەزموونێکی حوکمڕانی دوورو درێژەو دەتوانێ ئەو پۆستە بەباشی بەڕێوەبەرێت و ئەو بۆشاییە بە توانایی و شارەزایی و لێوەشاوەیی خۆی لەبواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پڕ بکاتەوە.
هەروەک دەستنیشانکردنی بەڕێز مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران زۆر لەجێی خۆیدایە چونکە بەڕێزیان بە نەخشەسازیی ئارامی و هێمنی لەم دۆخە سەختەی هەرێمی پێدا تێدەپەڕی بەسەرکەوتوویی خستبووە ئەستۆ کە جێی ڕەزامەندی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمە. بۆیە چاوەڕواندەکرێ، بە ئەزموونی دوورودرێژی خۆی ئەو پۆستە زۆر بەباشی بەڕێوەببات.
کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێم هەنگاوێکی گرنگی دیکەیە بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێزو پتەوکردنی پێگەی هەرێم لە عێراق و ناوچەکەدا.



3

زیانەکانی خۆپیشاندانەکانی پاریس سێ تا چوار ملیۆن یۆرۆیە



جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، مایک پێنس بەشداریکرد لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا، جۆرج هێربێرت والکەر بوش لە کۆنگرێس و پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی کەسوکاری کۆچکردوو کرد. جۆرج بوشی باوک چل و یەکەمین سەرۆکی ئەمەریکا بوو و لە تەمەنی 94ساڵی لە شاری هیوستن سەربە ویلایەتی تێکساس باشووری ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد و بەو بۆنەیەشەوە ڕێورەسمی یادکردنەوە لە کۆنگرێس بەڕێوەچوو.

ئەمەریکا... ڕێورەسمی یادکردنەوەی جۆرج بوشی باوک لە کۆنگرێس

نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەرەوەی لوبنان، پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دووپات دەکەنەوە



ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێزان جوبران باسل وەزیری دەرەوەی لوبنان و نیکولا توینی وەزیری دەوڵەتی لوبنان بۆ رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی و شاندێکی باڵای یاوەریان کرد.


لە دیدارێکدا کە ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، دۆخی سیاسیی عێراق و پرۆسەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق لە بەغدا و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خرانە بەر باس و گفتوگۆ، هەروەها باس لە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ لوبنان کرا و هەردوولا جەختیان لەسەر بڕەودان بە پەیوەندییەکان کردەوە.

بەرێز جوبران باسل وەزیری دەرەوەی لوبنان سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوکاری و پشتگیریکردنی کار و چالاکییەکانی ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان و دووپاتی کردەوە کە لوبنان خوازیارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و گەشیاری و کلتووریدا، بەڕەو پێشەوە ببات و گرنگییەکی تایبەت بەم پەیوەندییانە دەدات.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پشتگیری و ئاسانکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ کارسازان و وبەرهێنەرانی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و دەستخۆشی لە ڕەوەندی لوبنانی لە هەرێمی کوردستان کرد کە لە زۆر بواری بازرگانی و کلتووری و گەشتیاریدا چالاکن و هیوای خواست کە پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا زیاتر بەڕەوپێشەوە بچن.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و دۆخی ئێستای عێراق بەتایبەتی لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

مەسرور بارزانی: دەرفەتێکی نوێ هاتۆتە پێش بۆ چارەسەرکردنی گشت کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر



مەسرور بارزانی لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کۆبووەوە

دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە یان کۆبیچ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کرد، کە بەبۆنەی کۆتایهاتنی ئەرکەکەی لە عێراق سەردانی بەڕێزیانی کرد.

لە دیدارێکدا مەسرور بارزانی، هەوڵەکانی یان کۆبیچی لە لێکنزیککردنەوەی هێز و لایەنەکانی عێراق بەرزنرخاند و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی داهاتوو بۆ خواست. هەر لەو دیدارەدا تیشکخرایە سەر پرۆسەی سیاسی عێراق، لەوبارەوە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پێمانوایە دەرفەتێکی نوێ هاتۆتە پێش بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی و چارەسەرکردنی گشت کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، دووپاتی لە پشتگیری هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاوەکانی سەرۆک وەزیران و پێکەوەکارکردن کردەوە .

نێچیرڤان بارزانی هەوڵەکانی کۆبیچ بەرز دەنرخێنێت



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 2018/12/3 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز یان کۆبیچ نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق کرد کە کارەکانی لە عێراق کۆتایی هاتووە و بەمەبەستی ماڵئاوایی سەردانی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی کردبوو.

لە دیدارێکدا بەڕێز کۆبیچ پوختەیەکی دەربارەی کار و چالاکییەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان خستە ڕوو و سوپاسی بەڕێز سەرۆک وەزیران و حکوومەت و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کرد بۆ ئەو هاوکاری و ئاسانکارییەی پێشکەشی کراون و هیوای بەردەوامیی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانی خواست، هەروەها ڕوونیکردەوە کە دۆستایەتییەکی باشی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دروست کردووە و بەشداریی هەرێمی کوردستانی لە حکوومەتی نوێی عێراقدا بەرز نرخاند.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی هەوڵەکانی بەڕێز کۆبیچی کرد لەو ماوە سەختەی لە عێراق کاری کردووە بۆ لێکنزیککردنەوەی هێز و لایەنە عێراقییەکان و سەقامگیری و ئاشتەوایی، هەروەها هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی نوێیدا بۆ خواست. بەڕێزیان جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەمیشە وەک مالێ دووەمیەتی و بەردەوامیی پشتگیریی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دووپات کردەوە.

کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ سبەی دواخرا
عەبدولمەهدی نەیتوانی کابینەی حکوومەتەکەی تەواو بکات



دوای ئەوەی دوێنێ سێشەممە بڕیار بوو لە پەرلەمانی عێراقدا کابینەی حکوومەتی نوێ تەواو بکرێت و متمانە بەو هەشت وەزیرە بدرێ، کە لەلایەن د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان کرابوو، کۆبوونەوەکەی پەرلەمان هەرای لێکەوتەوە و سەرۆک وەزیرانیش پەرلەمانی بەجێهێشت.

پێش کۆبوونەوەش لەناو کافتریای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەمەقاڵێ لە نێوان ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان دروست بوو. لەبارەی هەراکەی ناو پەرلەمانیش میدیاکارێکی سەر بەڕەوتی سەدر ڕایگەیاند "دەمەقاڵە و شەڕ لە نێوان پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی سائیروون، کە لەژێر سەرپەرشتی موقتەدا سەدرن، لەگەڵ محەمەد حەلبووسی سەرۆکی پەرلەمان ڕووی داوە". پێش دەمەقاڵێکەش، سەرۆکی پەرلەمان بڕیاری دابوو دانیشتنەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دوابخات بەمەبەستی ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر کاندیدی هەشت وەزارەتەکەی کابینەی حکوومەت بگەنە ئەنجام. بەڵام بەهۆی بەردەوامبوونی هەرا و بێسەروبەری لەنێو پەرلەماندا، کۆبوونەوەکە و ئامانجەکەی شکستی هێنا بۆ تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی نوێ.

دواتریش بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی هەوە دانیشتنەکەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر هەشت وەزیرەکە بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو دواخرا.

بەڕێزیری وەزارەتەکانیش ئەمانە بوون: "فالح فەهد فەیسەل فەیاز/ وەزیری ناوخۆ، لەلای خۆیەوە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق سوپاسی مەسرور بارزانی کرد بۆ پێشکەشکردنی ڕێنوێنی و هاوکاری و ئاسانکارییەکان.

هەروەها خۆشحاڵی خۆی بەبڕیاری دەستنیشانکردنی مەسرور بارزانی بۆ سەرۆکایەتی کردنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای سەرکەوتنی لەو ئەرکە بۆ خواست، هاوکات دووپاتی کردەوە، کە کاری لە پێشینەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بابەتە لە ئەرکی خۆی بەردەوام دەبێت.

پێشهات و هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکان و ڕەوشی سیاسی و ئابووری ناوچەکە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەی نێوان هەردوولا بوو.

پێکهاتەکان پێشوازیی لە کاندیدەکانی پارتی بۆ هەردوو سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و حکوومەت دەکەن

پارتی گەشەپێدانی تورکمانی: قۆناغی داهاتووی هەرێم قۆناغی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان دەبێت

وەحیدە یاقۆ: نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی دەتوانن گۆڕانکاریی باش لە کوردستاندا بکەن

پێکهاتەی مەسیحی و تورکمان، پێشوازی لە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت دەکەن و بە بڕیارێکی باش وەسفی دەکەن، ئەوان پێیانوایە قۆناغی داهاتووی هەرێم لە سایەی نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی، قۆناغی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ڕۆژی دووشەممە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و تێیدا کاندیدانی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و پۆستی سەرۆکی حکوومەت مەسرور بارزانی دیاریکرد و شاندێکی دانوستانکاریشیان پێکهێنا بۆ ئەوەی سەردانی لایەنەکان بکات بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتی تازەوە.

محەمەد ئیلخانی، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پێشوازی دەکەین لە دیاریکردنی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکاندا بگەنە ڕێککەوتن سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە پارتی دوو کەسایەتیی زۆر بەهێزی بۆ سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی هەرێم دیاری کردووە، چونکە هەردووکیان ئەزموونیان هەیە لە کاری سیاسی و ئیداریبشدا و لە ماوەی ڕابردوودا سەرکەوتنی باشیان تۆمار کردووە.

ئیلخانی گوتیشی: نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی ڕابردوودا توانییویەتی سەرکەوتنی باش بەدەست بهێنێت، هەم لە ئیدارەدانی هەرێم و هەمیش لە ڕووی دیبلۆماسییەوە، هەروەها مەسرور بارزانییش توانییویەتی هەرێم بپارێزێت و لە شەڕی داعشیشدا ڕۆلێکی بەرچاوی لە تێکشکاندنی تیرۆریستان هەبوو، بۆیە قۆناغی داهاتووی هەرێم، قۆناغی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان دەبێت.

لای خۆیەوە، نوێنەری مەسیحیان لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان، وەحیدە یاقۆ هورمز، ڕایگەیاند: ئێمە وەک پێکهاتەی مەسیحی، پێشوازی لە کاندیدانی پارتی دەکەین و پارتییش کارێکی باشی کردووە کە ئەو دوو کەسایەتییەی بۆ ئەو پۆستانە دیاری کردووە، چونکە ئەو دوو کەسە دەتوانن هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکەن و خەڵکی ئێمەیش زۆر متمانەیان پێیان هەیە، بۆیە ئەوەی کراوە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا دەبێت.

هورمز باسی لەوەیش کرد، نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی دەتوانن گۆڕانکاریی باش لە هەرێمی کوردستاندا دروستبکەن و ژیانێکی خۆشتر بۆ خەڵکی کوردستان دابینبکەن، لەبەر ئەوەی ئەو دوو کەسایەتییە ئەزموونێکی باشیان هەیە و خزمەتێکی زۆری خەڵکی کوردستانیشیان کردووە، بۆیە قۆناغی داهاتوو، هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی بەرچاو تۆمار دەکات.

پەرلەمانتارانی هەدەپە دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد

دوێنێ سێشەممە هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، پەروین بولدان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ وەک 10پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمان، دەستمان بە مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کردووە. ئەم مانگرتنەمان وەک پشتیوانییەک لە مانگرتنی لەیلا گوڤەن لە گرتووخانەی دیاربەکر کە بە مەبەستی هەڵگرتنی ئەو دابرینەی لەسەر ئۆجالان هەیە، دەستپێکردووە، ئەنجامدەدەین. پەروین بولدان لە میانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمان، گوتارێکی پێشکەشکرد. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە لە میانی گوتارەکەیدا ڕایگەیاند، لە گرتووخانەی ئیمرالی دابرین لەدژی بەڕێز عەبدوللا ئۆجالان جێبەجێ دەکرێت و ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە پەرلەمانتاری دەستگیرکراوی پارتەکەی، لەیلا گوڤەن لەبەرامبەر دابرینی ئۆجالاندا دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و گوتی: لەیلا گوڤەن بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو ئاراستە مەترسیدارە، بەرەنگارییەکی مێژوویی دەستپێکردووە. پەروین بولدان هەروەها تیشکی خستەسەر ئەوەی لەیلا گوڤەن لە بیست و حەوتەمین ڕۆژی مانگرتنەکەی دایە و گوتی: ئەمڕۆ وەک 10 پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمان، دەستمان بە مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کردووە.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2018/12/5 ژمارە (5647)
خەبات

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد

سەرۆک بارزانی: لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئومێدێکی نوێ دروستبووە و پێویستە نیازپاکی بۆ چارەسەری کێشەکان هەبێت

یان کۆبیچ: پێویستە بەغدا هەنگاوی ئیجابی بهاوێت لەبارەی سنوور و نەوت و کێشەکانی دیکەی نێوان هەرێم و بەغدا



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە یان کۆبیچ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

لەو دیدارەدا کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی لە عێراق و مالئاواییکردن، سەردانی سەرۆک بارزانی کردبوو، سوپاسی سەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێمی کرد کە لە ماوەی کارکردنیدا پشتیوان و هاوکاری بوونە و هەروەها پێزانینی بۆ ڕۆڵ و پێگەی سەرۆک بارزانی هەبوو و ڕایگەیاند کە لە ئەورووپا و لە ڕۆژئاوادا بە چاوێکی بەرز سەیری پێگە و مێژوو و خەباتی سەرۆک بارزانی و خانەوادەی بارزانی دەکرێت.

لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆشنایی خستەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا بە گرنگ و ئیجابی وەسفکرد و ئاماژەیشی بەوەدا کە ئەو سەردانە لە لایەن عێراقییەکانەوە بە وەرچەرخانێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هاتووەتە ئارا بقۆزرێتەوە و مایەی ئومێد لە قەڵەم دراوە و بە پێویستیشی زانی ئەو دەرفەتەی کە لە دوای سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا هاتووەتە ئارا بقۆزرێتەوە و بەغدایش وەڵام و هەنگاوی ئیجابی بهاوێژێت لەبارەی سنوور و نەوت و کێشەکانی تری نێوان هەرێم و بەغدا. هەروەها پیرۆزبایی بڕیارەکەی کە حکومەتی ئایندەی کوردستان حکومەتێکی کارا و بەهێز دەبێت.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەرک و ماندووبوونەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و سەردانەکەی بۆ بەغدا، سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە لە گشت قۆناغەکاندا پەیامی ئێمە پەیامی ئاشتی و دیالۆگ و لێکتێگەییشتن بووە بۆ چارەسەری کێشەکان و لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و پێکهاتنی حکومەتی تازە پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد لە دیاریکردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی داهاتووی کوردستان و دووپاتیشی کردەوە کە حکوومەتی ئایندەی کوردستان حکومەتێکی کارا و بەهێز دەبێت.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەرک و ماندووبوونەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و سەردانەکەی بۆ بەغدا، سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە لە گشت قۆناغەکاندا پەیامی ئێمە پەیامی ئاشتی و دیالۆگ و لێکتێگەییشتن بووە بۆ چارەسەری کێشەکان و لە دوای سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا هاتووەتە ئارا بقۆزرێتەوە و بەغدایش وەڵام و هەنگاوی ئیجابی بهاوێژێت لەبارەی سنوور و نەوت و کێشەکانی تری نێوان هەرێم و بەغدا. هەروەها پیرۆزبایی بڕیارەکەی کە حکومەتی ئایندەی کوردستان حکومەتێکی کارا و بەهێز دەبێت.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەرک و ماندووبوونەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.

لەبارەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و سەردانەکەی بۆ بەغدا، سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە لە گشت قۆناغەکاندا پەیامی ئێمە پەیامی ئاشتی و دیالۆگ و لێکتێگەییشتن بووە بۆ چارەسەری کێشەکان و لە دوای سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا هاتووەتە ئارا بقۆزرێتەوە و بەغدایش وەڵام و هەنگاوی ئیجابی بهاوێژێت لەبارەی سنوور و نەوت و کێشەکانی تری نێوان هەرێم و بەغدا. هەروەها پیرۆزبایی بڕیارەکەی کە حکومەتی ئایندەی کوردستان حکومەتێکی کارا و بەهێز دەبێت.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەرک و ماندووبوونەکانی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕێبوار تاڵەبانی: دەبێت کورد لەگەڵ حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی مادەی 140 یەکلابکاتەوە

دوێنێ سێشەممە بەشێکی زۆر لە جووتیارانی کەرکووک و دەوروبەری، لە ناو شاردا ناڕەزایەتییان لەدژی بڕیارەکانی ڕاکان جبووری و داگیرکارییەکانی عەرەبە هاوردەکان دەربڕی، هاوکات سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، پێویستە کورد لەگەڵ حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ مادەی 140 خۆی یەکلا بکاتەوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند ئەوەی ڕاکان جبووری دەیکات، لە بۆشاییەکی دەستووری و یاساییەوەیە، لە سێ خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقەوە گوتراوە مادەی 140چارەسەر دەکرێت، بەڵام کورد کەمینەیە لە پەرلەماندا و کەمتەرخەمیش لە جێبەجێکردنی مادەی 140 هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکانی سەردەمی ئەنجومەنی مەجلیسی سەورەی سەردەمی بەعس ماوەتەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گوتیشی کورد کەمینەیە و ناتوانێت ئەوە چارەسەر بکات، چونکە لەناو پەرلەمانی عێراقدا زۆرینە عەرەبە و لەناویشیاندا شیعەن، ڕازی نابن بەوەی کە مادەی 140جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە تەنیا لە بەرژەوەندیی کورد و هەندێ لە جووتیارە تورکمانەکان، لە بەرژەوەندی ئەوانی دیکە نییە، هەر بۆیە کەمتەرخەمییان تێدا کردووە.

ڕێبوار تاڵەبانی گوتیشی ئەمجارە کورد دەبێت لەگەڵ حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی مادەی 140 یەکلابکاتەوە، بزانێت ئایا نیازی جێبەجێکردنی هەیە، یان نا؟، چونکە ئەگەر ئەمیش لەسەر سیستەمە بەعسیەکەی پێشتر بەردەوام بێت، ئەوا پێویستە کورد هەڵوێستی هەبێت.



سلێمانی... کاردانەوەکان بەرامبەر هەوڵی کوشتنی پزیشکێک

داوا دەکرێت ڕێوشوێنی توند بەرامبەر ئەو کەسانە بگیرێتە بەر کە هێرش دەکەنە سەر پزیشکان



ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە لە شەقامی ئۆرزدی شاری سلێمانی و لە نۆرینگەکەی خۆی لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە تەقە لە دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید مامۆستای بەشی پزیشکی زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی کرا و بەسەختی بریندارکرا.

دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی، تا ئێستا لەژێر چاودێری وردی پزیشکی دایە و باری تەندروستی ناجێگیرە.ئەو هێرشە کاردانەوەی تووندی هاوپیشەکانی ئەو پزیشکەی لێکەوتەوە و داوا دەکەن گیانی پزیشکان پارێزراو بێت و ڕێوشوێنی توند بەرامبەر ئەو کەسانە بگیرێتە بەر کە هێرش دەکەنە سەر پزیشکان. لەو چوارچێوەیەشدا دوێنێ سێشەممە سەرۆک و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و مامۆستایان و قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆکە لە بەردەم کەمپی کۆنی زانکۆ گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ئەنجامدا و چەندین دروشمیان دژی هێرش و پەلامارەکانی سەر پزیشکان بەرز کردبووەوە و ئیدانەی هێرشکردنە سەر مامۆستایەکی کۆلێژەکەیان کرد.

دواتر پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی شارەکە لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی بەرفراوانیان ئەنجامدا. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، سەباح هەورامی ڕایگەیاند کە لە ماوەی ڕابردوودا، چەند جارێک پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ڕووبەڕووی هێرش و پەلامار بوونەتەوە، بەڵام یەکەمجارە بە چەک و لەنێو نۆرینگەکەیدا پزیشکێک بەو شێوەیە هێرشی بکرێتە سەر.

ئەو ئامارژەی بەوەش کرد، لایەنی ئەمنی لە دوای ڕووداوەکە گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ڕووداوەکە.لە لای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای پزیشکان / لقی سلێمانی، تەها مەحوی لە گردبوونەوەکەدا ڕاگەیەندراوی سەندیکاکەی خوێندەوە و گوتی: نیگەرانی تەواوی خۆمان و سەرجەم پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی سەرتاسەری کوردستان دەردەبڕین، بەرامبەر بەو کارە قێزەونە نامرۆڤانەیەی بەرامبەر هاوپیشەمان دکتۆری پرۆفیسۆر کەمال ئەحمەد سەعید ئەنجامدراوە لەکاتی خزمەتکردنی نەخۆش و ئەنجامدانی کاری پزیشکی لە نۆرینگەکەی خۆی لە لایەن کەسێکی نادیارەوە کە وەک نەخۆش خوی ناساندووە، دواجار بە چەک هێرشی کردۆتە سەری و بە سەختی بریندارکردووە.ئەو باسی لەوەش کرد: لەم ماوەیەدا چەند جارێک کاری نەشیاو بەرامبەر چەند پزیشکێکی تر کراوە، ترسی ئێمەی پزیشکان بوونی نەم جۆرە تووندوتیژییە بەدیارەوە کە لە ئەنجامدا پیشەی پزیشکی وەاوڵاتیان زەرەرمەندی گەورە دەبن.

تەها مەحوی ئەوەشی گوت: لەبەر ئەم هۆکارە بڕیارماندا وەک پزیشکانی سلێمانی، بەداخستنی سەرجەم نۆرینگە تایبەتەکانی شاری سلێمانی بۆ ماوەی 24کاتژمێر.

لەسەر هەمان بابەت سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی لە بەیاننامەیەکدا وێڕای ئیدانەکردنی هەوڵی کوشتنی دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید پزیشکی نەشتەرگەری و مامۆستای کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی، داوا لە حکوومەت و داواکاری گشتی دەکات لەسەر ئەم کارە توقێنەرانە بێتنە دەنگ.

سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، ڕەزا حەسەن لەو بارەیەوە گوتی: "ئێمە لەکاتێکدا دڵگرانیی خۆمان ڕادەگەیەنین بە هەوڵی کوشتنی بەڕێز دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید مامۆستا و سەرۆکی لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی، داوا لە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان دەکەین بەزووترین کات تۆمەتبارانی ئەم کارە دزێوە دەستگیر بکەن.



سەکڤان هالو

چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو بوونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز

پێشەکی گەر بێتو ئاوڕێک لە ڕابردووی پارتی و بارزانی بدەینەوە، بومان دەردەکەوێت کە پارتی و بارزانی لە گشت قۆناغەکاندا خەبات و تێکۆشانیان لەپێناو پاراستنی کورد و کوردستان بووە و دەبێت و قوربانی گەلێکیان پێشکەش بە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان کردووە و تەنها ئامانجی پارتی و بارزانی هەمیشە هەوڵدان بووە و هەوڵدانە بەمەبەستی گەیاندنی کورد و کوردستان بە سەرفیرازی.

پارتی و بارزانی لە خەباتی چەکداری و خەباتی شارستانی دا ڕۆڵێکی پێشەنگیان هەبووە و هەیە، بە تێپەڕبوونی قۆناغەکان هەتاکو ئەمڕۆ و بۆ داهاتووش کار بو ئەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان بەرەو بوونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز ببات بە شێوەیەکی پراکتیکی، هەروەک چۆن لە پرۆسەی دەنگدان بو پەرلەمانی کوردستان دروشمی سەرەکی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە بوونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز، بوونیاتنانی کوردستانێکی بەهێزیش بەو سەرکردانە دەکرێت کە خۆیان بە خاوەنی گەل و نیشتمانەکەیان زانیوە و دەزانن و گەلەکەی خۆیان لە دژوارترین قۆناغەکاندا بەجێنەهێشتووە و دوو نمونەی زیندووشمان هەن، لەم چەشنە سەرکردانە، ئەوانیش ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانین.

ئەمڕۆ دوخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکاندا گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، بەپێی ئەنجامەکانی پرۆسەی دەنگدانی پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بارزانی و پارتی لە هەردوو پرۆسەکەدا بە جیاوازیەکی زۆر لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی دیکە بە پێشەنگ مانەوە لە نێو گۆڕەپانی سیاسیدا بەشێوەیەکی گشتی و متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانیان بەدەستهێنا.

بۆیە پێویستە ئەمجارە پارتی و بارزانی ئەم پێگە جەماوەرییە بەهێزەی خۆیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی هەرێمی کوردستاندا بەکار بێنێن و زاڵ بن بەسەر هەموو ئەو بەربەست و ڕێگریانەی کە هەندێ لایەنی سیاسی دروستیان کرد، لە پێناو لاوازکردنی پێگەی پارتی و بارزانی و ڕووخاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان. کەواتە نابێ زیاتر لە قەبارەی خۆیان مافیان پێببڕێت، واتە هەرلایە و بە گوێرەی قەبارەی خۆی بەشداری سیاسی پێبکرێت، نەک زیاتر، چونکە پارتی و بارزانی ئەزموونێکی زۆر تاڵیان هەیە، لەگەڵ هەندێ لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پێویستە بە هەند وەربگیرێت، لێرەدا دەگەینە ئەم ڕاستییە ئەویش ئەوەیە کە بوونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز بریتییە لە ڕەچاوکردنی دەنگی گەل و ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی خەڵکی کوردستان، پێچەوانەی ئەمە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە پرۆسەییکی چەقبەستوو دەمێنێتەوە و ناتوانێت هەنگاو بەرەو بوونیاتنانی کوردستانێکی بە هێز بهاوێژێت.

حکوومەتی عێراق خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەولێر - کەرکووک و مووسڵ - دهۆکی هەڵگرت



شنگالی لە لێدوانێکدا گوتی: دوای ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک داوایان لە حکوومەتی عێراق کرد کە خاڵی گومرکی لە نێوان پارێزگای دهۆک و پارێزگای نەینەوا هەڵبگیرێت، خۆشبەختانە دوێنێ بە بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو خاڵە گومرکییە هەڵگیرا.

عەبدولقادر شنگالی گوتیشی: هەماهەنگی و پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ئیدارەی پارێزگای نەینەوا و پارێزگای دهۆک هەیە، بۆ ئەوەی جموجۆلی بازرگانی و هاتوچۆی هاوواڵاتیان بەبێ هیچ بەربەستێک لە نێوان هەردوولا بەردەوام بێت.

هەروەها سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆک، ئەیاد حەسەن لە لێدوانێکدا ئەم هەنگاوە بە گرنگ لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: بوونی ئەو خاڵە گومرکییە لە نێوان دهۆک و مووسڵ کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر جموجۆلی بازرگانی و بازرگانانی نیگەران کردبوو، چەندین کاتژمێر ڕێگەی گەیشتنی بازرگانانی بە مووسڵ دوور کردبوویەوە، هەڵگرتنی ئەو خاڵە گومرکییە خاڵێکی گرنگە بۆ دەستپێکردنەوەی بازرگانی لە نێوان پارێزگای دهۆک و پارێزگای نەینەوا، جموجۆلێکی بەرچاو دەکەوێتە بازاڕ و بازرگانی زیاتر بە پرۆژە و بازرگانیکردن بە کەلوپەلی زیاترەوە دەگەڕێنەوە شارەکە.

نەدەگەڕایەوە بۆ حکوومەتی عێراق، بەڵکوو بۆ حەشدی شەعبی بوو. دوێنێ سێشەممە شێروان جەمال، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: دوای هەوڵ و گوشاری بەردەوامی ئێمەی پەرلەمانتاران لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و داواکردنمان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق و گەییشتنە ڕێککەوتنی شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا، بە خۆشحاڵییەوە ڕۆژی دووشەممە سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری دەرکرد بۆ وەزارەتی دارایی تا لە 4ی 12 تەواوی خاڵە گومرگییەکانی نێوان کەرکووک و مووسڵ و هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەو خاڵە گومرگییانەی کە لە نێوان پارێزگاکاندا دانراون، بێنە لابردن کە نادەستوورین .

بارزگانانیش بە هەڵگرتنی خاڵە گومرکییە دڵخۆش و بە هەنگاوی بوژاندنەوەی ئابووری هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەوا ناودێری دەکەن و هاووڵاتییانیش لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گەیشتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا تا ئێستا خەڵک بە بەلەمی بچووک لەو ڕووبارە دەپەڕینەوە. ئەو پردە پێشتر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ڕۆژئاوا بەکار دەهات و بەپێی زانیارییەکان، ئەمەریکییەکانیش لەو ڕێگەیەوە چەکیان بۆ هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) دەنارد.



بۆ یەکەمجار هاووڵاتییانی ڕۆژئاوای کوردستان بە پاس سەردانی باشوور دەکەن

لە ساڵی 2012 و بە فەرمانی سەرۆک بارزانی، پردێک لەسەر ئاوی ڕووباری خابور لەنێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دروست کرا، بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆی هاووڵاتییانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ باشوور و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە ڕۆژئاوای کوردستان. ڕۆژی دووشەممە 2018/12/3 یەکەم پاسی گواستنەوەی هاووڵاتییان لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گەیشتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا تا ئێستا خەڵک بە بەلەمی بچووک لەو ڕووبارە دەپەڕینەوە. ئەو پردە پێشتر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ڕۆژئاوا بەکار دەهات و بەپێی زانیارییەکان، ئەمەریکییەکانیش لەو ڕێگەیەوە چەکیان بۆ هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) دەنارد.

کورد سوتەمەنی فرەناکۆکییەکان



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

هەروەک دەزانین کە کورد لە مێژوودا گیرۆدەی کۆمەڵێک گرفتە، گرفت لە ناو گرفت گرفتی تریشی بۆ دروست کردووە، ئەوەی زۆر کاریگەر و بە ئێش و ئازارە، دەکرێ بگوترێ چەند خاڵێکی گرنگن وەک دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتی زۆردار و مێژوو خوێناوی، هەروەک دەزانین پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و گۆڕانی نەخشەی جیهان، تەرازووی هێز بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕا و پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەو کوردستانەی کە لە مێژووی خۆیدا زیاتر لە400 ساڵ لە شەڕی چالدێرانەوە لە ساڵی 1514 بە دواوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە گۆڕەپانی جەنگێکی کاولکاری چوارسەدەیی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی فارسی و عوسمانی تورکی. ئەم شەڕانەش کۆمەڵێک ئاسەواری خراپیان بە دوای خۆیاندا بە جێهێشت، ئەوبیشیان بە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان شەڕەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە و لە کوشتن و بڕینی خەڵکی ناوچەکە بە ویست و بەبێ ویست و ڕاکێشان و تێکەڵبوونی گەلی کورد بۆ ناو ئەم جەنگە کاولکاریە. لە هەموشی خراپتر لەم جەنگانە کورد لە هەموو کەسێک و لایەنێک زیاتر زەرەرمەند بوو ئەگەرچی بە ئیرادە و ویست بڕیاری کوردیش نەبوو، بەڵام لە بەرئەوەی ناکۆکییەکان لە سەر خاکی کوردستان بوو دەرئەنجام زۆرترین خوێن و زۆرترین کاولکاری بەر کورد کەوت. کەواتە خوێنی کورد و سەروەت و سامانی کورد و مااڵی کورد و خاکی کورد و عەقڵی کورد و شوێنەواری کورد و مێژووی کورد هەموی لە ناوبردرا و ئەوەی ماوەش بە سەرلێشێواوی و چەواشەیی ماوە تا ئەو ڕادەیەی ئێستا گومان لە ناسنامەی زۆربەی ناوچە سنووریەکانی کوردستان دەکرێ یان گۆڕانێکی وایان بەسەردا هاتووە لە دەستچوونە بە شێوازێک لە شێوازەکان شێوێنداراون کە شوێنەوار و ناسنامەی تاکەکانیش شێوێندران هەروەک سەدان زانای گەورەی کورد ئێستا لە مێژوو بە تورک و یان بە عەرەب یان بە فارس ناسراون، بۆ نموونە لە ناو عەرەب "احمد شوقی شاعیر و جەمیل صدقی زەهاوی، عەبدولباست عەبدولسەمەد دەنگخۆشی قورئان خوێن و کۆمەڵێک کەسانی تر لە مێژونووسان و لە هونەرمەندان و کەسانی تر کە لە مێژوو بە نەتەوەی تر ناسراون بەڵام بنەچە کوردن.

ئەگەر زیاتر بگەڕێینەوە دواوە تا ئەو ڕادەیەی مێژووی سلاحەدین ئەیوبیشیان لە هەندێ سەرچاوە شێواندووە وەک سەرکردەیەکی عەرەبی پێناسەیان کردووە، چونکە لە مێژوودا ئەم زاتە مایەی شانازی بووە بۆ موسلمان و کردووینانە بە عەرەب و لە واقیعیشدا بۆ ناسنامەی کوردایەتی پێویستی بە بەڵگە نییە و کوردایەتی ئەم سەرکردە مێژوویە دیارە و بە کەس ناشێوێندرێ! دەیان نموونەی تری زیندوو لەبەردەست دان و ناسنامەیان شێوێنداراوە تا ڕادەیێک زۆر خانەوادەی وا هەیە لە ناو کورد وایلێهاتووە خۆشی شک لە ئەسلی خۆی و کوردبوونی خۆی دەکا، بە تایبەت لە نێوان تورک و کورد لە کوردستانی باشوور لە هەردوو شاری کەرکووک و هەولێر و لە کوردستانی باکوریش "تورکیا" وەک ئیستەنبول و دیاربەکر و ئەنقەرە کە کوردیان تێدا تاوایتەوە، لەوەش زیاتر سەرگەردانبوونی کورد بۆ سەرتاسەری جیهان بە تایبەتی لە هەردوو شەڕی جیهانیدا لە یەکەیتی سۆڤیەتی پێشوو پەرت و بڵاوبوونیان بۆ ناوچەکانی دەوراوپشتی دوورونزیک.

بەڵێ زۆر خانەوادەی کورد هەن قەناعەتیان لا دروستبووە کە تورکن یان فارسن یان عەرەب، بەڵام لە واقیعدا وا نییە و مێژوویان شتێکی تر، بە هەرحال ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری خۆی هەیە ڕەنگە بۆ ئەم بابەتەم کاتی ئەوەمان نەبێ شرۆڤەی بکەین، چونکە دیراسەیەکی وردتری دەوێ، ئەمەش بەهۆی داگیرکاری و ترس و تۆقان و پێدااویستی ژیان و قەدەغەکردنی زمانی کوردی و پێویستبوون بە زمانی فەرمی بۆ ئەوکات، بە تایبەت لە کاتی حوکمڕانی عوسمانیەکان زمانی فەرمی تورکی بووە، چونکە تورک حاکمبوون، هەر بۆیە شێخ عەبدولسەلامی بارزانیش شۆڕشی بەرپاکرد و یەکێک لە داواکاریەکانی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی بووە بۆ ئەو سەردەم لە ئەنجامیشدا لە ساڵی 1914 گرتیان و لە سێدارەیان دا. عەرەبیش بە هەمان شێوە و شێواز بوون زیاتریش لە لایەن عەرەب ئیستغلالکردنی قورئانی پیرۆز بووە تا کاتی ئێستاشمان تا ئەو ڕادەیەی وایان لە خەڵک گەیاندبوو بۆ دونیای ئەودیو گوایە ئەوەی عەرەبی نەزانی لە ڕۆژی قیامەت پەکی دەکەوێ و ناتوانێ وەڵامی خوای گەورە بداتەوە. بەهەرحاڵ بە هەموو شێوازێک شەڕ لەگەڵ کورد کرا بۆ لە ناوچوونی لە ڕێی خاک و عەقل و ناسنامە و بوونی کەسایەتی هەموو لایەنەکانی تر.

خاڵێکی تری گرنگ کە کورد بەهۆیەوە بووە بە سوتەمەنی هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد شەڕی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی سیراعێکی گەورە بوو لە نێوان تورک و فارس و لە هەمان کاتدا ئەم بیرۆکەیە پەرەی پێدرا لەو 400 ساڵەدا زۆر بە جدی کاری بۆ کرا تا ئەو ڕادەیەی توانرا ئایینی ئیسلام دابەشبکرێت بۆ دوو بەش وەک دوو تایفەی جیا لە ناو یەک ئاین دژ بە یەک و وەک دوو ئاین بە ناوی سونە و شیعە دونیای ئیسلام و عەرەبیش کەوتنە ناو ئەو ماڵوێرانیە، بەڵام لە واقیعدا ئەسل و ئەساسی نییە، هەرچی لایەنی ئایینی هەیە لەو بیرۆکەیە نیەو تەنها خۆ حەشاردان و شاردنەوەی هزری ڕەگەزپەرستی قەومیە و داپۆشراوە بە ناوی ئاین کەچی بەو ڕادەیە کاری بۆ کراوە ئەم بۆچوونە زال بوو بە سەر عەقلیەتی هەموو تاکەکان تا ئەو ڕادەیەی زانا و پڕۆفیسوور خاوەن ئایدیۆلۆجیای جیاجیا کە دەکەونە داوی عەقلیەتی مەزهەبی سونی و شیعی خوا و ئاین لە بیردەکەن لە واقیعیشدا بۆ کورسی و دەسەڵاتەو نەوە دوای نەوەش وا پەروەردەیان دەکەن هەر یەک ئەوی تر بسڕێتەوە.

بۆ نموونە بەر لە ماوەیەک گەنجێکی شیعی لە مەزارگەیەکی کەربەلا لە سەر شاشەی تەلەفزیون دەیگووت نەجەف و کەربەلا زیارەت و سەردانیکەریان زیاترە لە مەککە و فەرموون تەماشاکەن بزانن نێرە یان مەککە! وە یان حەجی سعودیا کە ئەمەش زەنگێکی زۆر خەتەر و ترسناکە!! بە هەرحاڵ بۆ ئەوی لە بابەتەکەمان دەرنەچین کوردیش چۆن لە مەسەلە قەومیەکە لە نێوان تورک و فارس (عەجەم) بوو بە سووتەمەنی بە هەمان شێواز لەگەڵ عەقلیەتە مەزهەبیەکەش سووتەمەنیە، جارێک سونە و جارێک شیعە، جارێک تورک و عەجەم و عەرەب! هەروەک مەسەلە کوردیەکە گوتەنی "لە موسا بووە لە عیساش بووە" ئەگەر ب کورد ە مەزهەبیش نەگیرێ ئەوا بە قەومیەت دەگیرێ، ئەگەر بە قەومیەتیش نەگیرێ بە خاک دەگیرێ، بە هەرحال کاتێک لە بەشێک لە بەشەکان کاریان بە کوردبوو یەکیان دەڵێت یەک خوێنین؟ لە بەشەکەی تر دەڵێن یەک تایفەو مەزهەبین؟ لە بەشەکەی تریش دەڵێن مێژوومان یەکەو لە ڕەچەڵەکدا دەگەڕێینەوە سەر یەکتر و کورد بەشێکە لە ئێمە! گەر گەیشتە سەر حەق و حیسابیش هەروەک بینیمان لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هەموو یەک دەگرن لە کۆڕو کۆبوونەوە لە سەر شاشەی تیڤیەکان بە گاڵتەجارپەوە ناوی کورد دێتن و هەر کاتێکیش ویستیان سنور لە نێوان شارەکان دادەخەن و بازگە و سەرانەو مەرانەی عوسمانیەکان نوێ دەکەنەوە! لەوڵاش شەڕی بۆگەنکردنی شفتی و تەماتە لەگەڵ کورد دەکەن و جارێک تەماتە لە بازاڕ دەڕێژن و جارێکیش بۆ فەقیر و هەژار بە نرخی زێڕ دەینەخشێنن و دەینرخێنن!!! بەهەرحاڵ کە شەڕ کەوتەوە ناو ماڵی خۆیان جارێکی تر کورد دەدوێن، هەروەک ئێستا دەبینین خەریکە لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران کورد بکەن بە برا بەڕێز و خۆشەویستەکەی هەمووان ئەویش بۆ پارسەنگ کردنەوەی تەرازووە بەتاڵ و لەنگ و بێ سەنگەکانیان، جا هەر یەک بە شێوازێک بۆ خۆی بە بەژن و بااڵی کوردا هەڵدەدات و رایدەکێشێ. لە هەمان کاتدا هەلی کار و بازرگانی و چاوچنۆکی زلهێزەکان و دابینکردنی سەرچاوەی سەروەت و سامانیان و ساغکردنەوەی کاڵا و چەکە قورسەکان ئەمەش خاڵێکی تری گرفتەکانی کوردە، چونکە هەروەک خۆیان گوتوویانە ئینگلیزەکان لە مێژووش تۆمارکراوە کە دەڵێن "لە سیاسەت دۆستایەتی هەتا سەر نییە، بەڵام بەرژەوەندی هەتا سەر هەیە". ئەمانە گرفتی زۆر گەورەی کوردن کە لەم سێ خاڵە کۆدەبنەوە وەک دابەشبوون لە نێوان سێ نەتەوەی جیا و دژ بە یەک و کەوتنە ناو ئاگری مەزهەبی سونی و شیعی و بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و لە پاڵ ئەم هۆکارانەش ئەوەی ماڵوێرانیە بۆ کورد نەبوونی تەبایی و یەکڕیزی و یەکڤەراری نێو مااڵی کوردی یە و دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی مێژوی سەردەمی ئیمارەتەکانە و خەریکە کورد بە ویست و بێ ویست دابەش بکرێت لە نێوان هەردوو عەقلیەتی سەفەوی و عوسمانی ئەمەش دووبارە بوونەوەی هەمان مێژوی ڕەشە کە بەرۆکی گەلی کوردی گرتووە لە سەدەکانی ڕابردوو کەواتە لە پاڵ ئەو سێ هۆکارە دەرەکییەی کە باسمانکرد هۆکارێکی تری زۆر ترسناک و زۆر کوشندە نەبوونی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیە و دابەشبوونی کوردە بە سەر جەمسەرەکان، بۆیە دەبێ بزانین گەر سێ هۆکارە دەرەکییەکە نەکرێ کاری لەگەڵ بکرێ و نەکرێ بەرەنگاری ببینەوە بە ئاسانی، بەڵام دەکرێ و زۆر ئاسانە هۆکارەکانی ناوخۆ عیالج بکەین گەر ڕاست بکەین بۆ کورد کار بکەین؟! دەبێ ئەوەش بزانین هەر کەسێک لەم هاوکێشەیەی برایەتی و تەبایی و کوردایەتی و بەرژەوەندی گشتی دەربچێ بێ شک لە مێژوودا هەمان چارەنووسی خۆفرۆشانی دەبێ ئەویش هیچ پێناسەیەکی جیاوازی نابێ لەگەڵ پێناسەی دوژمنانی کورد لە مێژوودا و کوردیش هەمان سووتەمەنی دەبێ کە پێشتر بووە لە مێژو و پێجەوانەکەشی ڕاستە، هەرکات بتوانین ئەم خاڵەی ناوخۆ چارەسەربکەین بە دڵنیایەوە خاڵە دەرکیەکانیش بە بەر تەوژمی برایەتی دەدەین و لە ڕێگای کورد لایان دەدەین، بۆیە دەبێت لە حەقیقەت لانەدەین و گوێ لە ڕاستییەکان بگرین و سوودیش لە هەڵەی مێژوو وەربگرین و ئەو پەندە کوردیەش هەر نەنووسین و نەوە بۆ نەوە کاری پێ نەکەین، بەڵکو بنووسین و کاری پێ بکەین و نەوەکانیش لە سەر ئەم پەندە پەروەردە بکەین بڵێین "برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خودابێ" لە یادیش نەکەین بارزانی نەمریش فەرمویەتی (گەر دڵی میللەت لە گەڵمان بێ دوژمن هەزار هێندە بە قوەت بێت، ناتوانێت بمان شکێنێت). بەڵێ وایە لە ناوخۆ ڕێکبین هەموو هێزێکی دەرەکی دەڕوخێنین و سەربەخۆییش بە دەستدێنین، دەشبێ هەموومان بزانین ماف نادرێ، بەڵکو دەسەنرێ، ئەویش تەنها بە یەکگرتن بەدەستدێت دەبێ ڕاستگۆبین، یەکتر بدوێنین و دوژمن نەدوێنین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتزگای هەولێر (پ. د. ک).**

کار بۆ دامەزراندن و کاراکردنی یاسای سەندوقی بەرهەمە نەوتییەکان دەکرێت

ئا/ ڕەسوڵ سالح

لە هۆتێل شیراتۆنی هەولێر ڕێکخراوی KIDOبە هاوکاری ڕێکخراوی CIPEوۆرکشۆپێکی بۆ کۆمەڵێک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە چەند فراکسیۆنێک و بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم و دامەزراوە چاودێرییەکان ڕێکخست.



سندوقێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی داهاتە نەوتییەکان بەهەمەن عەبدوڵڵا کاکە ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی پارتی کە یەکێک بوو لە بەشداربووان سەبارەت بە گرنگی وۆرکشۆپەکە بۆ خەبات گوتی: ئەمە وۆرکشۆپێکی یەک ڕۆژەیە کە ڕێکخراوی KIDOبە هاوکاری ڕێکخراوی CIPE ڕێکیانخستووە بۆ قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەر سندوقی داهاتە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە خولی پێشووتر یاساکە پەسەندکراوە و ماوەتەوە جێبەجێ بکرێت و هەندێک کاروباری تەکنیکی و پێکهێنانی دەستەکەی ماوە. سندوقێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی داهاتە نەوتییەکان و لەم وۆرکشۆپە لەسەر ڕەهەندەکانی ئەم یاسایە قسە دەکەین و تیایدا باس لە خاڵە بەهێز و لاوازەکان و ڕێگربییەکان و تێبینییەکان لەسەر ئەم یاسایە دەکرێت. هەر سەبارەت بە سندوقەکە ئەندامەکەی فراکسیۆنی پارتی لە پارلەمان گوتیشی: پێویستە هەندێک کۆمپانیای دیکە بۆ ئەم کەرتە دابمەزرێت و هەر لەوبارەیەوە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە کە کۆمپانیا کەپکۆ دادەمەزرێنێت، لەگەڵ سێ کۆمپانیای دیکە کە کارەکانی ئەو سندوقە ئاسانتر دەکەن و گەیاندنی ئەو داهاتییە بە گشت سیکتەرەکانی پەیوەندار بە ذیانی ڕۆذانەی کوردستانیان، وەک سێکتەری کشتوکاڵ و ذینگە و تەندروستی و ... هتد، هەروەها بەشێک لە داهاتەکە بۆ نەوەکانی داهاتوو هەڵبگیرێت. بۆیە دەبێت چاوەڕێی حکوومەتی نوێ بین بزانین چۆن ئەم بابەتە چارەسەر دەکات و چۆن ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات.

ئەم سندوقە بۆ شەفافیەتی کەرتی نەوت ڕۆڵێکی باڵای دەبێت

حسام بەرزنجی بەڕێوبەری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان KIDO سەبارەت بە ئامانجیان لە وۆرکشۆپەکە ئاماژەی بەوە کرد: ئێمە وەک ڕێکخراوی KIDO بە هاوکاری ڕێکخراوی CIPE ڕێکیانخستووە بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەندوقی داهاتی نەوت ببینین لە هەرێمی کوردستان و ئەو یاسایەی کە پەسەندکراوە بە ڕاستی بەرەو ئەو ئامانجانە بڕوات کە بۆ دانراوە، ئەو ئامانجانەی کە بۆ دانراوە ئەوەیە کە ئەو سەروەتە سروشتیەی کە هەیە بۆ هەموو هاوڵاتیان بەکاربهێنرێت و ببێتە هۆی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئەو ئامانجانەی کە بۆ دانراوە بە ڕاستی بەرەو ئەو ئامانجانە بڕوات کە بۆ دانراوە.

ڕێکخستنی ئەو وۆرکشۆپە بۆ خەبات گوتی: ئامانجمان لە ئەنجامدانی ئەم وۆرکشۆپە ئەوەیە بە بیری هەمووانی بخەینەوە، کە ئەم یاسایە زۆر گرنگە و واش پێشبینی دەکەین ئەم خولەی پەرلەمان زۆر گرینگی بەم بابەتە دەدات، چونکە زۆربەی بەرپرسی حیزب و لایەنەکان لە بەرنامەی هەڵبژاردنیان باسیان لە شەفافیەتی نەوت کردووە، کە کاری بۆ بکرێت و بۆ شەفافیەتی نەوتیش ئەم سندوقە ڕۆڵێکی باڵای دەبێت بە یاساکە و جێبەجێکردنی.

ڕەخنەکان سەبارەت بە داهاتی نەوت کەمدەبێتەوە

گوتیشی: جێبەجێکردنی ئەم یاسایە سوودی زۆری دەبێت، بە تایبەتی هاوڵاتیان زیاتر متمانە بە حکوومەت دەکەن و دیوانی چاودێری بە پێی ئەم یاسایە توانای وردبینی زیاتری دەبێت و بەمەش ڕەخنەکان سەبارەت بە داهاتی نەوت کەم دەبێتەوە و یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکییەکانی چاکسازی کە ئێستا زۆربەی لایەنەکان باسی دەکەن و بە دامەزراوەیی کردنی دامودەزگاکان و هەروەها هەنگاوێکە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی بە پێچەوانەوە ئەو سوودانە دەبنە زیان و ئومێد دەکەین حکوومەت هەموو ڕێگاکان بگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاساییە.

دەمانەوێ خۆمان کارەکانی وردبینکردنی داهاتی نەوت و گاز ئەنجام بدەین

موحسین محەمەد بەرپرسی بەڕێوبەری مەشق و ڕاهێنان لە دیوانی چاودێری دارایی بۆ خەبات گوتی: ئێمە وەک دیوانی چاودێری دارایی بەشداریمان لەم وۆرکشۆپە کردووەو ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت لە وردبینی کردنی دۆسیەکانی سەبارەت بە نەوت و گازو دوای ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت بەست بۆ وردبینی کردنی دۆسیەکانی نەوت و گاز ئەرکەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن. سەبارەت بە توانای دیوانی چاودێری دارایی شوێنی ئەو کۆمپانیا بیانییە بگرێنەوە و بتوانین کارەکانی وردبینی بەبێ پێویستبوون بە هیچ لایەنێکی بیانی خۆمان کارەکانی وردبینکردنی داهاتی نەوت و گاز ئەنجام بدەین.

سەبارەت بە توانای دیوانی چاودێری دارایی بۆ وردبینکردنی دۆسیەکانی نەوت وگاز گوتیشی: بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نەوت و گاز، بەنیازین چەند کارمەندێکمان کە لە زمانی ئینگلیزی باشن، پێیان بگەیەنین و خولی تایبەتیان لە دەرەوەی وڵات بۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی شارەزای زاراوە و ئالیەتی کارکردن لەو بوارە بن بۆ ئەوەی بتوانن لە وردبینیکردنی دۆسیەکانی نەوت و گاز ئەرکەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن.

هۆڵەندا... ڕێکخستنەکانی پارتی تاوتوێی بەهێزکردنی لۆبیی کوردی لە ئەورووپا دەکەن

ساسان دەرویش-هۆڵەندا

لە شاری زۆتەرمیر، بە ئامادەبوونی بەرپرس و کارگێڕانی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداری ڕێکخستنەکانی سنووری هۆڵەندا لە بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوەکان و کارگێڕەکانی، کۆبوونەوەیەکی فراوان ڕێکخرا بە مەبەستی پالپشتیکردنی زیاتری دۆزی کورد و پرسەکانی و بەهێزکردنی لۆبی کورد لە تاراوگە.

عومەر زاوێتەیی بەرپرسی ناوچە لە کۆبوونەوەکەدا بابەتێکی چڕوپڕی لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و عێراق باسکرد، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنەکان و ئەنجامەکانی پێکهێنانی هەردوو کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەو پێشبینیانەی کە بۆ گۆڕانکاریی کە لەبەردەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکاندا ڕوودەدات، بەهۆی گوشاری ئەمەریکا بۆ سەر ئێران و جموجۆڵەکانی دونیا و خۆئامادەکردنیان، زۆر بە وردی شیکاری بۆ کردن.

دواتر پێشڕەو حەسەن، بەرپرسی ڕێکخستنی ناوچە لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ ئامادەبووان، گوتی: لە دوای ئەو سەرکەوتنەی پارتی لە هەردوو هەڵبژاردنەکاندا وەک بێ ڕکابەری یەکەم و زۆرینەی متمانەی خەڵک بە پارتی بەرپرسیارتێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی پارتی و هەڤاڵانی، بۆیە دەکرێ پێاچوونەوەیەک بە ڕێکخستنەکانماندا بکەین، بۆ بەهێزکردنی لە پێناو پشتگیرکردنی کوردستانێکی بەهێز و ئاوەدان و سەقامگیر و ئارام بۆ قۆناغی دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. دواتر دیندار کۆچەر بەرپرسی ڕاگەیاندن لە وتەیەکیدا پێشنیاری کرد بۆ دروستکردنی تیمێکی بەهێزی ڕاگەیاندن لە ناساندنی کەسایەتی کورد لە نێو ڕەوەندی کورد لە تاراوگە، بۆ هاوکاری پرۆژەی بەهێزکردنی لۆبی کورد. هەروەها خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، باسێکی پێشکەشکرد کە لە ڕوانگەی بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتی ئافرەتان بۆ ئەم قۆناغە ڕێژەی زیاتری ئافرەتان هەروەک چۆن لە ڕابردووەدا ڕۆڵی گرنگیان بینوە بە هەمان شێوە زیاتریش هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ پشتگیریکردنی دۆزی کورد و ڕاکێشانی سۆزی زیاتری دۆستانی کورد بۆ هاوکاری کوردستان کاری بەردەوامیان بێت. شێرزاد یونس ڕۆژبەیانی، بەرپرسی پەیوەندییەکان بۆ خەبات گوتی: کۆبوونەوەی ئەم جارەمان تایبەت بوو بە بەهێزکردنی لۆبی کورد، لەم قۆناغە بە هەنگاوێکی گرنگی دەزانین و لەو پێناوەدا کاری بۆ بکەین بۆ نزیکبوونەوەی زیاتری کورد لە دەسەڵاتی بڕیاربەدەست لە نێو دەزگا حکومی و ناحکومییەکان بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ لە گەیاندنی پرسی نەتەوەییمان و بە گرنگزانینی سەردانە گرنگ و مێژوییەکەی سەرۆک بارزانی بۆ باغدا و ئەو پێشوازییە گەرمەی لێیکرا کە بەپێی وتەی چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئایندەیەکی گەش لێ چاوەڕوان دەکرێ، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر و ئەو بارودۆخە نالەبارەی بەرۆکی کوردی گرت، بەڵام خۆشبەختانە کەمتر لە ساڵێکی خایاند و ئێستا لە پرۆسەی ئاوەدانی کاری بەردەوام بکەین.

هەندێک ڕاوبۆچوون

سەبارەت بە بەردە ئەستێکانی شوێنەواری سەرمەیدان لەگوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە

کەمال نوری مەعروف

شوێنەواری سەر مەیدان، یەکێکە لەو پاشماوانە، کە هەرچەندە لەبواری شوێنەوارناسیدا نەناسراوە، بەڵام گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەش بۆ بوونی هەموو ئەو بەردە ئەستێیانە دەگەڕێتەوە، کە لەوێدا بلێون و دۆزرانەوەو بوونیان بۆ شوێنەوارناسان کەرەسەیەکی ناوازەن، بۆئەوەی کاری لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن.

لەمانگی **10**ی **1998**دا بۆماوەی چەند ڕۆژێک بەهۆی سەرقاڵبوونم بەکاری کنەو پشکنین لەگۆڕێکی بەخشت چنراو لەو ناوچەیەدا، توانیم دەرفەتێک بڕەخسێنم بەناوچەی گۆڕەکەدا بگەڕێم، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر خاکناسی و شوێنەواری، کە بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەو بەردە ئەستێیانەم بەرچاو کەوتن، کە بەدەستی مرۆڤی کۆن تاشرابوون و جوانکرابوون، بۆیە هەوڵمدا لەوە تێبگەم، کە ئەو بەردە ئەستێیانە ئایا گوزارشت لە هاتنەدەرەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوت دەکات، تاوەکو لای من ببنە بەڵگەیەکی نوێ بۆ نیشتەجێبوونی لەناوچەکەداو بەرەو پێشبردنی تەکنەلۆجیای ڕۆژگارەکە بۆ خزمەتی مانەوەی لەدەشتدا، یان هەر بەردەوامیی نیشتەجێبوونی ئەشکەوتە؟

بەردە ئەستێکانی شوێنەواری سەرمەیدان کە بە بانووی بڵند ناسراوە، بەشی زۆری لە خۆرهەڵاتی شوێنەوارەکەدان، کە لەڕووبەرێکی فراواندا بڵاوبوونەتەوە. ناوچەی بەردە ئەستێکانیش لە خاکێکی چەولکدا سەریاندەرهێناوە، شێوەکەی لاکێشەییەو بەدرێژایی شیوی چەمی (بلکان) لە باکوورەوە دەکشێت، تا لەباشووردا دەگاتەوە بەگوندی (پێبازۆک) کە **(3)** کیلۆمەتر لاوەی دووڕە. ناوچەی بەردە ئەستێکانیش لەکۆندا پێوەی دیار بووە پڕ سەرچاوەی ئاو بووە، هەر ئەوەش وایکردووە مرۆڤ بتوانێت لەو هەلومەرجە نوێیەدا، لەوێدا بمێنێتەوە، بۆ ئەو ماوەیەی لەدەرەوەی ئەشکەوت ژیانی بەسەربردووە.

سروشتی ناوچەکە:

بەڵگە دیارو لەبەرچاوەکانی تۆپۆگرافیای ناوچەکە ئەوە نیشاندەدەن، کە لەدوو چەرخی سەهۆڵ بەندانداا ئاووهەوای ناوچەکە شێدارو بارانباوی بووە، ئەوەش بە پاشماوەی تاوێرە لەکانەوە دیارن، کە لای خۆرهەڵات و باکوورو خۆرئاوای ناوچەکەی گرتووە، بەڵام ژینگەی ناوچەکە هەروا نەماوەتەوە، بەڵکو پێوەی دیارە ئاوو هەوایەکی وشک و گەرمی بەخۆوە دیوە، ئەوەش لە ڕەنگی سووری مەیلەو قاوەیی چینی سەرەوەی خاکەکەیدا دەردەکەوێت. خاکی ناوچەکەش بەچینێکی قوڕو لیتە داپۆشراوە، کە سەردەمێکی نوێ لەزانستی خاکناسیدا تۆمار دەکات، کە کاریگەریی باران و زۆری لافاوی پێوە دیارە، کە لەدەوروبەریدا، واتە لەشاخەکانی نزیکیەوە قوڕو لیتەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو بەناوچەکەدا بڵاوی کردووەتەوە. ئەو دیاردەیەش وایکردووە خاکەکەی فشەڵ بێ و ئاو کەمتر بگرێتەخۆی، واتە بارانەکە بەخوڕ باریو، بەڵگەش بۆ ئەمە دروستبوونی هەموو ئەو جۆگەلانەو شیوانەیە، کە لەناوچەکەدا بڵاون و بەرچاو دەکەون. ئەم دیاردەیە بە بەراورد بەناوچەی چەمچەماڵیش لەڕووی سروشتی خاکەکەیەوە هاوشێوە دەوەستنەوە. ئەو بارانەی سااڵنە لەناوچەکەدا دەبارێت، یارمەتیی پێگەیاندنی دانەوێڵەی داوە، بەڵام لەبەرئەوەی خاکەکەی لەسەر چینێکی ئەستووری قاوەیی هەیەو پشتەکەی قۆقزە، لەو بەردە چەواڵەیە، کە لەناو جۆگەلەو چەمەکاندا هەن.

درێژیەکەی **4** سانتیمەترو پانیەکەی **5،1** ساتیمەترە. وەکو چەقۆی دوو دەم بەکارهێنراوە، بەاڵکانیەوە دیارە جوانکاریی بەدەستی مرۆڤ بۆ کراوە. لەئەنجامی بەکارهێنانیدا پاشماوەی شکاندن بەدەمەکەیەوە دیارە.

2- پارچەی بەردە ئەستێیەکی تیژی قاوەیی، درێژیەکەی **3**سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکەو وەکو دەمەچەقۆ بەکارهێنراوەو جوانکاریی مرۆڤی پێوە دیارە.

5- پارچەی بەردە ئەستێیەکی سووربراو، درێژیەکەی **2** سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکەو پاشماوەی شکاندن لەئەنجامی بەکارهێنانیدا بەدەمەکەیەوە دیارە، کە پێدەچێت چەقۆیەک بووبێت.

6- پارچەی بەردە ئەستێیەک بەسەر قاوەییدا دەڕوانێت، خۆڵەمێشی، دەمێکی تیژی هەیەو پشتی قۆقزەو لەتکردنیدا پاشماوەی چەوەکەی پێوەدیارە، درێژیەکەی **4** سانتیمەترەو پانییکەی **2** سانتیمەترەو وەکو چەقۆ بەکارهێنراوە.

4- پارچەی بەردە ئەستێیەکی تیژی قاوەیی، درێژیەکەی **3**سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکەو وەکو دەمەچەقۆ بەکارهێنراوەو جوانکاریی مرۆڤی پێوە دیارە.

5- پارچەی بەردە ئەستێیەکی سووربراو، درێژیەکەی **2** سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکەو پاشماوەی شکاندن لەئەنجامی بەکارهێنانیدا بەدەمەکەیەوە دیارە، کە پێدەچێت چەقۆیەک بووبێت.

6- پارچەی بەردە ئەستێیەک بەسەر قاوەییدا دەڕوانێت، دەبینرێت، لەشێوەدا ئەم بەردە ئەستێیە رنەیەک بووەو بەکارهێنراوە، درێژیەکەی **4** سانتیمەترەو پانییەکەی لەپانترین شوێنیدا **2** سانتیمەترە.

کۆمەڵەی سێیەم:

لەم کۆمەڵەیەدا، چەند دانەیەک لەئامێری هەڵکۆڵین دەخەینەڕوو، کە بۆ ئەو سەردەمە سوودی زۆری هەبووە، چونکە لەجیاتی دەرزی و دروشمەی ئەمرۆ، مرۆڤ کاری ڕۆژانەی پێ مەیسەر کردووە، لەوانە:

1- پارچەی بەردە ئەستێیەک، کە شێوەیەکی درێژ کۆڵەی هەیە، درێژییەکەی **2** سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکە، ڕەنگی قاوەیی و بەسەر سووردا دەڕوانێت، لەوە دەچێت ئامێرێک بووبێت بەپێی نووکە تیژەکەی بۆ کونکردن و هەڵکۆڵین بەکارهێنرابێت، کە هاوشێوەی دروشمەی ئەمرۆیە.

2- تەڵەزمێک لەبەردە ئەستێیەکی شێوە لاکێشی، ڕەنگی سوورەو بەسەر قاوەیی کاڵدا دەڕوانێت، درێژییەکەی سانتیمەترێکەو پانییەکەی بەهەمان شێوەیە، وەکو دروشمەیەک دروستکراوە بۆ کاری کونکردن بەکارهێنراوە.

3- پارچەی بەردە ئەستێیەکی سووربراو بەسەر قاوەییدا دەڕوانێت، پاشماوەی نوکێکی تیژ بەدەمەکەیەوە دیارە، پێدەچێت دروشمەیەک بووبێت، درێژییەکەی **2** سانتیمەترەو پانییەکەی سانتیمەترێکە.

بۆچوونمان سەبارەت بە بەردە ئەستێکان:

ئەگەر بەوردی سەیری بەردە ئەستێکانی سەرمەیدان بکەین و لەگەڵ پاشماوەی بەردە ئەستێکانی ئەشکەوتی زەرزی بەراوردیان بکەین، کە بەمایکرولیپی ناسراوە، هەمان بەراورد لەگەڵ ئەوانەی (کەریم شایەر)و شوێنەوارەکانی (تورکەکە)و (کاوری خان) لەناوچەی قەرە چێواری (شوان) نزیک لە (چەمچەماڵ)یش بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بەپێی ئەو چینە قوڕو لیتەیەی سەرەوەی، کە بەهۆکاری ژینگە سەری هەڵداوە، ئەوەی تێدا دەردەکەوێت، کە ئەو شوێنەوارانە بۆ سەردەمی دوا دوای چاخی بەردینی نوێ و هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لەئەشکەوت دەگەڕێتەوە. ئەوەش لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دروستبووە، کە بەسەر ئاوو هەوادا هاتووە. بۆ ئەو بۆچوونە، شوێنەوارەکانی کەریم شایەر بەهۆی کاری کنەو پشکنینی ئەمریکییەکانەوە دیاریکرا کە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیدا ماوەتەوەو خانووی کاتی بۆ مانەوەی دروستکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناغەی، کە بەچەرخی بەردینی ناوەڕاست دانراوە، نەیتوانیوە کۆتایی بەژیانی ئەشکەوتنشین بهێنێت، بەڵکو قۆناغێکی ناوەندی بووە لەژیانیداو لەوەرزی سەرماو سۆڵەدا بۆی گەڕاوەتەوە. جارێکیتر هەمان ئەو بەراوردکارییە دەتوانین لەگەڵ پاشماوە بەردینەکانی ئەشکەوتی پاڵە گەورەشدا ئەنجامبدەین، کە ژیانی مرۆڤی لەئەشکەوتەوە بۆ دەشت گۆڕیوە، و هەوڵی بۆ پەیداکردنی خۆراکی ڕۆژانەی داوە، کە بەو هۆیەوە توانیوێتی هەنگاوێک زیاتر بەرەو شارستانێتی نوێ نزیکبێتەوەو ژیانی بۆ پەیداکردنی خۆراک، گۆڕانی بەسەردا بێت.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەردە ئەستێکانی سەر مەیدان گوزارشت لەکەلتوورێکی سەردەمی ژینگە خۆشیدەکات، کە سەرەتاکەی بۆ کەلتووری ئامێری ورد دەگەڕێتەوە، کە پێوەی دیارەو وردەکاری لەپیشەسازی بەردە ئەستێ بەرەو پێش چووە. ئەو بەرەو پێشچوونەش لەهەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەمەکەدا ڕەنگیداوەتەوە کە دەتوانین بڵێین سەرەتایەکی بۆ گەیشتن بەچەرخی بەردینی نوێ دروستکردووە، کە لەگەڵ خۆیدا مااڵیکردنی ئاژەڵیشی بۆ خزمەتی مرۆڤ هێناوەتە کایەوە. لەمەوە دەردەکەوێت کە بەردە ئەستێکانی سەر مەیدان، نموونەیەکە لەکەلتووری چەرخی بەردینی سەرو، کە قۆناغێکی گواستنەوەیەو بە (ماگدەاڵنی) ناسراوەو لەکوردستانیشدا بەچەرخی زەرزی گوزارشتی لاکراوە.

سەرئەنجام:

بەپێی ئەو بەراوردکاریەی لەنێوان بەردە ئەستێکانی سەرمەیدان و شوێنەوارەکانی تردا کردمان، گەیشتینە ئەو خاڵانەی خوارەوە:


1-بە ردە ئەستێکانی سەر مەیدان پێدەچێت بۆ کۆتایی دووایی بگەڕێتەوە، واتە لەسنووری (**12-10**) هەزار ساڵ پ.ز. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو چینە قوڕو لیتەیەیە، کە لەئەنجامی کاریگەریی ژینگەوە دەرکەوتووە.

2- لەبەرئەوەی کاری کنەو پشکنینی زانستی لەو شوێنەوارەدا نەکراوە، بۆیە پێدەچێت ئەنجامدانی ئەو کارە لەداهاتوودا لەو شوێنەدا لاپەڕەیەکی نوێ لەو مێژووە کۆنەی شوێنەواری نیشانبدات و بتوانین خەرمانی مێژووی شارستانیەتەکەمان لەڕووی جیاجیاکانیەوە دەوڵەمەند بکەین.

لاردا دەتوانین هێڵێک بۆ ئەو سەردەمە لەنێوان بەردە ئەستێکانی سەر مەیدان و شوێنەوارەکانی تری هاوتەمەنی بکێشین، کە بەو شێوەیەی خوارەوە دەکەوێتەوە:

زەرزی، قۆناغی بەردینی سەرووی کۆتایی ژ پاڵە گەورە ژ تورکەکە ژ کاوری خان ژ سەرمەیدان.

لەکۆتاییدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم: هیوادارم حکومەتی هەرێم، زیاتر گرنگی بەشوێنەوارەکانمان بدات و لەدەستی نەزان و شوێن پرکردنەوە رزگاریان بکات. خۆ ئەگەر ناتوانن وەزارەتێک بەناوی شوێنەوارەوە دروستبکەن، با بریکارێکی وەزیری شارەزا لەبوارەکەدا هەبێت، بۆئەوەی شوێنەوارەکانمان لەو پاشا گەردانییەدا نەمێنێنەوە، چونکە ئەوەی لەئێستادا ئەو لاپرسراوانە بەناوی خزمەتەوە دەیکەن، دووڕە لەڕاستی و دەستی نەشارەزا یاری بەمێژووەکانیان دەکات.



www.xebat.net
چوار شەممە 2018/12/5 ژمارە (5647)

پارتی مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکی حکوومەت دیاری کرد و نێچیرڤان بارزانیشی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید کرد



کاروان محەمەد سینۆ



رۆژی دووشەممە 3/12/2018، بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدرا، لەم کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا، بە دیاریکردنی نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش یەکەم هەنگاوی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ بەهێزکردنی کوردستان، هەروەک چۆن لە بانگەیش هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، پارتی بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو.

لەبانگەشەی ئەمجارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنێ بە خەڵکی کوردستان داوە کە لەچوارسالّی داهاتووی حکومڕانی کوردستان کاربکات بۆ بەدی هێنانی سەقامگیری سیاسی و ئاوەدانی و چاکسازی و بووژاندنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و کارکردن لەپێناو بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز و پالّپشتی و داکۆکی کردن لەسەر ئیراده و خواستی خەڵکی کوردستان. بێگومان ئەم بەڵێنانە پێویستی بە کار و هەنگاوی جیدی هەیە لەبواری دامەزارەوەیی نێوخۆی حکوومەتی کوردستان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر ئاستی ئێراق و ولاّتانی ئەقلیمیی و نێودەوڵەتی. بۆیە بۆ کابینەی ئەمجارەی حکوومەتی کوردستان، پارتی هەر لە دەسپێکەوە بڕیاریدا کە کەسی بەهێز و شیاو دیاری بکات بۆ پۆست و شوێنی شیاو. ئەم هەنگاوەش لەلایەن پارتییەوە زۆر ئاسان و ئاساییە، لەبەر ئەوەی پارتی حزبێکە لەسەر ڕێبازی مەلا مستەفای بارزنی خەبات و خزمەتی خەڵکی کوردستان دەکات و پارتی حزبێکە لە نێو ناخی خەڵکی کوردستان هەڵقوڵاوە بۆیە سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرە و دژایەتی دوژمنان، بەڵام پارتی هەردەم بەهێزبووە و حزبی یەکەمە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەگشتی و لە هەموو هەلومەرجەکاندا پارتی کارایە لە ڕاییکردنی بارودۆخی سیاسی بەبێ کێشەو موشتومڕ. هەڵبەت پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمر بەردەوام سوپایێکی کادیر و سەرکردەی شیاو و لێهاتووی هەیە کە لەهەموو هەلومەرجێکدا بتوانێ حکوومەت و ئیداری بەهێز و لێهاتوو و شیاو پێک بهێنێت کە خزمەت بە کوردستان بکات، هەروەها پارتی هەردەم سوپایێکی سەرکردە و قارەمان و پێشمەرگەی چاونەترسی هەیە کە دەتوانن لە هەموو هەلومەرجێکدا بەرگری و ڕێگری لە هەڕەشەو هێرشی دوژمنانی کوردستان بکەن. بێگومان پارتی و سەرکردە و کادیرانی پارتی شارەزایی و پسۆریی ئەوتۆیان هەیە لە ئیدارەدانی سیستەم و حوکمرانی کوردستان بەشێوەیەک کە ببنە جێگای متمانەی هەموو خەڵکی کوردستان و دوستانی کورد. بۆیە لە هەڵبژاردندا بینیمان کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە پارتیدا کە حوکمڕانی کوردستان بکات. لەسەر ئەم بنەمایەش ڕۆژی دووشەممە 3/12/2018 ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کۆبوونەوە و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی بڕیاریدا کە مەسروور بارزانی وەکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دیاربکرێت و نێچیرڤان بارزاییش بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کاندید بکرێت. ئەم دوو پێشنیارە لە کۆبوونەوەکەدا پەسندکرا. هەڵبەت دیاریکردنی ئەم دوو سەرکردەیە بۆ ئیدارەدانی حکوومەتی ئایندەی کوردستان پێشبینی سەرکەوتنی حوکمڕان و پاراستن و بەدی هێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانی لێ دەکرێت، ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان واز لە بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی خۆیان بهێنن و پلە و پۆست و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەخەنە سەرووی بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان و کۆسپ و تەگەرە نەخەنە بەردەم حوکمڕانی پارتی دیموکراتی کوردستان. وێرای ئەوەی ئەم دوو سەرکردەی پارتی نامۆنین لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و تەواوی خەڵکی کوردستان و جیهان، لەگەڵ ئەمەش پێم باشە گەر بتوانم چەند وێسگەیەک لە لەژیانی ئەم دوو سەرکردە پێشنیارکراوە بۆ خوێنەران بخەمەڕوو.

عەلی حوسێن سەردانی بارەگای پارتی ماف و ئازادییەکان هاک-پار کرد



بەمەبەستی پاڵپشتی و هەماهەنگی نێوان هەردوولاو خزمەت کردن بەپرسە نەتەوەییەکان، دوێنێ عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان لە هەولێر سەردانی بارەگای پارتی ماف و ئازادییەکان هاک ژ پار کرد، لەلایەن رەفیق کاراکۆچ سەرۆکی گشتی هاک پار و فەهمی ئاتمان و سولتان خان جێگرانی سەرۆک و زانا سەزن نوێنەری هاک-پار لەنوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی پێشوازی کرا ...

لە دیدارێکدا دوایی گرنگیدان بەپەیوەندی نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی ماف و ئازادییەکان هاک ژ پار ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی کوردستان و دواپێشهات و گۆڕانکاریی و ڕەوشی ناوچەکە بەگشتی و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان خرایە بەرباس، پاشان سەرۆکی هاک-پار پیرۆزبایی سەرکەوتنی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە هەلبژاردنەکانی هاک پار بۆ پاڵپشتیان لەئەزمون و پرۆسەی نیشتمانیی، پاشان بەبایەخەوە باسی لە پەیوەندی نێوان هەردوولاو گرنگی پەیوەندی گەلی کورد لە هەرپارچەیەکداو هەماهەنگییەکان و تایبەتمەندی سیاسی واقیعی هەرپارچەیەکی تر خستەروو.

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن و چالاکییەکان لە قوتابخانەکاندا وەرگرتنی ڕاو پێشنیاری مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و هەڵمەتەکانی پاکوخاوین و نۆژەنکردنەوە، دوێنێ سێشەممە ڕێکەوتی **4/12/2018**ی د.پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێری کرد، لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر و سەرپەرشتیارانی سنووری پەروەردەی هەولێر کۆبوونەوە. لەکۆبونەوەکەدا باس لەسەر چەندین بابەتی گرنگ سەبارەت بە پرۆسەی خوێندن و قوتابخانەکان و ڕێکخستنی میلاکات و بۆ دانانی میکانیزمێک سەبارەت بە میلاکات و ئالیەتی گواستنەوەی مامۆستایان بەگشتی باسی لێوە کرا. لەکۆتاییدا وەزیری پەروەردە سوپاسی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی پەروەردەی ناوبراوی کرد، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی و هاوکاری خۆی و وەزارەتی پەروەردەی نیشاندا.



وەزیری پەروەردە سەردانی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێری کرد

پارێزگەرێ دهوکێ و کونسلێ ئەمریکا ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران گەنگەشەکر



خەبات دهوک: شەڤا 3-12-2018ل کوچکا میهڤاندارییا فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پێشوازیا ستیف ڤاگین کونسلێ ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا و شاندێ دگەلدا کر. دهڤدیتنەکێدا بەحسێ پەیوەندییێن ئەمریکا دگەل هەرێما کوردستانێ و ڕەوشا ئاوارە وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ و ئەو هاریکاریێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ و ڕێکخراوێن نیڤ دەولەتی پێشکێش دکەن هاتە کرن. دتەوەرەکێ دیدا بەحسێ هاریکاریێن ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا هاتە کرن کو بو ئاوارە و پەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ پێشکێش دکەت دوارێ دانا ئاهێن خارنێ و ئاڤەدانیێ وئاڤ و ئاژ رویا و بو کەرتێن تەندورستی و پەروەردێ و پاقژکرنا مینا و چەندین سەکتەرێن دی بێن خزمەتکاری ، کو ئەڤە هەموو ب ڕێکا چەندین ڕێکخراوێن ئەمریکی و بێن نیڤ دەولەتی بو ئاوارێن قەزا شنگال و پەنابەرێن سوری ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ دهێنە پێشکێش کرن. پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەردانێ دیارکر و سوپاسیا وەلاتێ ئەمریکا و ڕێکخراوێن نیڤ دەولەتی کر کو هاریکاریا ئاوارە وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەهێ دکەن و خواست کو ئاستێ وان هاریکاریا بهێتە زێدەکرن نەخاسمە وەرزێ زڤستانێ دەست پێکریە و ئاوارە و پەنابەران پێدڤیەکا زور ب ئالاڤێن زڤستانێ هەیە .

سۆران... وۆرک شۆپێک لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ مامۆستایانی ئایینی سازکرا



بەمەبەستی زیاتر وشیارکردنەوەی هاولاتیان لە ڕێگای مینبەری مزگەوتەکان بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران بەهەماهەنگی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری هاتووچۆ وۆرک شۆپێکی لەسەر ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ژمارەیەک مامۆستایانی ئایینی سازکرد لەم باریەوە مەلا ڕەسول گەزنەیی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بەوەکالەت ڕاگەیاند ئامانجمان لە سازکردنی ئەم وۆرک شۆپە زیاتر وشیارکردنەوەی هاولاتیانە لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەڕێگای مینبەرەکان بۆ ئەوەی سەر و مالیان پارێزراو بێت دووربن لە ڕووداوی گیانی ومادیی .ئینجا لەلایەن ڕێکخراوی ڕۆشنبیری هاتووچۆ ڕێز لە ژمارەیەک مامۆستایی ئایینی سنورەکە گیرا کەلەماوەی رابردوو ڕۆلیان هەبووە لە وشیارکردنەوەی هاولاتیان لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

چارەنووسی مووچەی مانگەکانی 10و 11و 12ی ئەمسالّی فەرمانبەران

سەبارت بە چارەنووسی مووچەی مانگەکانی **10** و **11** و **12**ی ئەمسالّ، لە بەدواداچوونێکدا چەند بەرپرسێکی فەرمانبەران و وەزارەتی دارایی ڕوونکردنەوە و زانیاریی تازە دەخەنە ڕوو.

یوسف عوسمان، سەرۆکی یەکێتیی فەرمانبەرانی کوردستان، بە (باس)ی ڕاگەیاند، لە وەزارەتی دارایی زانیاریی وەرگرتووە، تاوەکو ئێستا بە نووسراو بڕیار لەسەر سێ مووچەکەی ئەمسالّ نەدراوە، گوتی: "ئەوەی کە لە وەزارەتی دارایی پێمان گەیشتووە ئەوەیە، یان ئەو سێ مووچەیە لە ساڵی **2019**بەردەوام دەبێت، یان پاشەکەوت دەکرێت، بەڵام وەزیری دارایی هیچ بڕیارێکی لەسەر نەداوە و چاوەڕوان دەکرێت بڕیارەکە نزیک بووبێتەوە". ئەو کە ئێستا لە دیوانی وەزارەتی دارایی بەڕپرسیاریەتیی هەیە، ئاماژەی بەوە دا، ئەوەی دەگوترێت و باس دەکرێت لەسەر ئەو سێ مووچەیە، هیچی فەرمی و نووسراو نییە، گوتیشی: "ئەوەی وەکوو زانیاری هەیە، مووچەی ئەو سێ مانگە لە ساڵی **2019** درێژەی پێ دەدرێت، ڕاستە **31**ی **12**حیسابااتی ساڵانە دەوەستێت، بەڵام باوەڕ ناکەم بودجە لە سەرەتای ساڵەوە کاری پێ بکرێت، بەڵکوو دوا دەکەوێت". جەختیشی کردەوە، زانیاری هەیە تاوەکوو مانگی **4**مووچە وەکوو خۆی دابەش دەکرێت، گوتیشی: "ئەگەر پاشەکەوت هەڵنەگیرێت، تاوەکوو مانگی **4**ی **2019**مووچە وەکوو خۆی بەردەوام دەبێت، ئەگەریش ئەو سێ مووچەیە پاشەکەوت بکرێت، ئەوە لە **1**ی **1**ی **2019**وە پاشەکەوت هەڵدەگیرێت". یوسف عوسمان، بە دووری دەزانێت لەگەڵ مووچەی مانگی **9**ی ئەمسالّ مووچەیەکی تر بدرێتە فەرمانبەران، گوتیشی: "کاتەکە بەش ناکات و حکوومەتیش بڕیاری نەداوە دوو مووچە بەیەکەوە دابەش بکات، چونکە پارەکە زۆرە". سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (باس)ی ڕاگەیاند، پاش دابەشکردنی مووچەی مانگی **9**کە ئەم مانگە زووتر کۆتایی بە دابەشکردنی دێت، وەزارەتی دارایی بڕیار لەسەر مووچەی ئەو سێ مانگە دەدات. سەرچاوەکە ڕوونی کردەوە، لە ماوەیەکی نزیکدا وەزیری دارایی لەگەڵ بەرپرسی گەنجینەکان و بەڕێوەبەری گشتیی خەرجی و ژمێریاری کۆ دەبێتەوە و بڕ مووچەی هەر سێ مانگی ئەم ساڵ تاوتوێی چەند پێشنیارێک دەکرێت. ئەو سێ مووچەیەی دەمێنێت پێویستی بە زیاتر لە **2**ترلیۆن دینار هەیە. سەرچاوەکە ئاشکراشی کرد، لە ساڵی **2015**دا مووچەی مانگەکانی **9**و **10**و **11**و **12**نەدراوە و وەکوو قەرز لای حکوومەت ئەژمار کراوە، ئەوکات بە نووسراو داوا لە وەزارەتەکان کرا ئەو مووچانە بخاتە تۆماری قەید، کە تایبەتە بە قەرز، بەڵام بڕ سێ مووچەی ئەمسالّ هیچ نووسراوێک دەرنەکراوە. لە سەرێکی ترەوە، بەرپرسی یەکێک لە گەنجینەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی بە (باس)ی ڕاگەیاند: "لە وەزارەتی دارایی ئاگاداریان کردینەوە، هەواڵی تایبەت بڕ مووچەی فەرمانبەران هەیە، بڕ ئەو مەبەستە چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکی گرنگ دەکەین".

نووترین ئامارا هێرشێن داعش بۆ سەر شنگال هاتە ڕاگەهاندن



ڕێڤەبەریێ گشتیی یێ کاروبارێن ئێزدیان نووترین ئامارا هێرشێن داعش بڕ سەر قەزا شنگال دیارکر و ڕاگەهاند: ژبەر هێرشێن هوڤانە یێن تیرۆرستێن داعش **2745**زارۆک بووینە ئێتیم. خەیری بژانی، ڕێڤەبەریێ گشتیی یێ کاروبارێن ئێزدیان ل وەزارەتا ئەوقاف وکاروبارین ئایینی هەرێما کوردستانێ بڕ باسنیوز دیارکر: هەتا نۆکە **71**گۆرێن بکۆم یێن هاتینە دیتن، **68**مەزارگەهێن ئایینی یێن ئێزدیان یێن هاتینە پەقاندن و **2745**زارۆک یێن بوویننە ئێتیم ژبەر هێرشێن هوڤانە یێن تیرۆرستێن داعش بڕ سەر شنگالێ. ژ وانا ژی **1759**زارۆک بی بابماینە و **407**زارۆک بی دایک ماینە و **359**زارۆک ژی بی دایک وباب ماینە ودایک وبابێن **220**زارۆکان ژی د دەستە داعشی دا نە. هژمارا گۆرێن بکۆم ژی زێدەبوویە دجینوسایدا شنگالێ دا **6417**کەس ژ هەردوو ڕەگەزان هاتبوونە گرتن ورەڤاندن. خویا ژی کر: ژوانا ژی **3548**ژ ڕەگەزێ مێ بوویننە و **2869**ژ ڕەگەزێ نێر بووینە. هەتا نۆکە **3**هزار و **334**کەس یێن هاتینە رزگارکرن ژوانا ژی هزار و **159**ژن بووینە و **337** زەلام. **962**زارۆکێن کچ بووینە و **876**زارۆکێن کور بوینە. هەتا نۆکە ژی **3**هزار و **833** کەس دەستی تیرۆرستاندا ماینە، ژوانا ژی هزار و **427**ژ ڕەگەزێ مێ نە یێن دیتر ڕەگەزێ نێرن. بۆزانی گۆت: ژمارا ئێزدیان ل عێراقی دگەهتە **550** هزار کەسان، **360**هزار ئێزدی ژبەر تیرۆرستێن داعش ئاوارە بوویننە ورۆژێن ئێکی دا ژ جینوسایدا شنگال هزار و**293** کەس هاتینە شەهیدکرن .

پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و زانکۆی زەهرای ئێرانی دەخرێتەبەرباس

لەمیانی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تونددوتیژی بەزرنرخاند، کە تا **10**ی کانوونی یەکەم بەردەوام دەبێت، هەروەها هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا لە بوارە جیاجیاکاندا دووپاتکرایەوە.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا مورتەزا عەبادی ئاماژەی بۆ گرنگی کاری هاوبەش و پەرەپێدانی پەیوەندی هەردوولا کرد، لەو بوارانەی پەیوەندیان بە پرسەکانی ژنانەوە هەیە. هەروەها گفتوگۆ لەسەر پڕۆگرام و پلانە ستراتیژییەکانی ئەنجومەن کرا، لە بواری گەشەپێدانی ژنان و بوارەکانی تری توانا‌سازی ئافرەتان لە هەموو سێکتەرەکاندا. هەروەها کونسوڵی گشتی ئێران بەپێویستیزانی لە نزیکترین دەرفەتدا پەیوندی نێوان ئەنجومەنی باڵای خانمان و زانکۆی زەهرای ئێرانی کە تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، زیاتر پەرەی پێبدرێت و لە ڕێگەی کونسوڵخانەی ئێرانەوە هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر بکەن. لەلایەن خۆیەوە خاتوو پەخشان زەنگنە سوپاسی ئەم دەستپێشخەریییەی کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردو هیوای خواست لە نزیکترین دەرفەتدا پەیوندی ئەکادیمی و زانستی و هەمەلایەنەی نێوان هەردوولا زیاتر پەرەی پێبدرێت.

بۆردوومانی تورکیا بۆ سەر پەکەکە دەرگای قوتابخانەیەک دادەخات

بەهۆی بۆردوومانکردنی پێگەکانی (پەکەکە) لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە، زیاتر **10**ڕۆژە پرۆسەی خوێندن لە گوندی شرانشی سەر شاڕۆچکەی زاخۆ وەستاوە. دانیشتوانی گوندەکە کە کریستیانن دەڵێن، بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا دەرگای قوتابخانەی گوندەکەیان داخراوە و مندالانیش ناتوانن لە ماڵ بێنە دەر. یەکێک لە مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە بە کوردستان **24**گوت: "ئێستا زیاتر لە **10**ڕۆژە دەوامی قوتابخانە وەستاوە، چونکە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە ناوچەکە بەردەوامە و هەندێک جاریش بۆردوومان نزیکە لە گوند، ئەو مامۆستایانەی خەڵکی گوند نین و وانەبێژن ئاماددەنێ بێنەوە و ژیانیان بخەنە مەترسییەوە ناحەقیشیان نییە". زیر یوسف، بەرپێوبەری گشتی پەروەردەی زاخۆ بە کوردستان **24**ڕاگەیاند: "هەوڵدەدین چەند مامۆستای دیکە بۆ گوندەکە دابێن بکەین، بەڵام ئێستا دامەزراندن نییە، ئەگەر ئەوەش نەکرا ناهێڵین خوێندنی ئەمسالّی قوتابیانی ئەو گوندە بە فیڕۆ بچێت، لە حاڵەتێکدا کە نەمانتوانی مامۆستا بنێرین، ئەوا ئۆتۆمبێل بۆ قوتابیان دابین دەکەین بۆ ئەوەی لە نزیکترین قوتابخانەی گوندەکەیان دریژە بە خوێندن بدەن".

جووتیارانی کەرکووک دژی تەعریبکردنی گوندەکانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا

بەشێک لە جووتیارانی کەرکووک کە لە نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەب پێکهاتبوون، لەبەردەم دیوانی پارێزگای کەرکووک، دژی تەعریبکردنی گوندەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.

پەیامنێری رووداو لە کەرکووک رایگەیاند نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 4-12-2018نزیکەی 200بۆ 300جووتیار کە لە نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان پێکهاتوون گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان لەبەردەم دیوانی پارێزگای کەرکووک ئەنجامدا، ئەوانە خاوەنی زەوین، بەڵام لەلایەن عەرەبی هاوردەوە دەست بەسەر زەوییەکانیاندا گیراوە.

ئەو خۆپیشاندان و گردبوونەوانەی ئەو جووتیارانە دوای زنجیرەیەک بڕیاری راکان سەعید، پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووک دێت، لەسەر تەعریبکردنی گوندە کوردستانییەکانی سنووری پارێزگای کەرکووک، هاوکاتیشە لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەی کە چەند رۆژێک پێش ئێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەریکردبوو و، ئاماژەی بۆ ئەوەکردبوو ئەگەر راکان سەعید دەست لەوکارانە هەڵنەگرێت، رەنگە شەقام بجوڵێتن، بەڵام وەک پەیامنێری رووداو دەڵێ ئەمانەی ئەمڕۆ هاتوون، زیاتر جووتیارانی خەڵکی ناحیەکانی: شوان، داقووق، دووبز و سەرکەرانن.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف مەراسیمی دەرچوونی خولی چوارەمی پەیمانگای کوردستان بۆ وتاربێژان بەڕێوەچوو



خەبات. نەبەز ئسماعیل کمال: رۆژی سێ شەممە /4 12/2018 بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت د. دیار جباری بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێر خوازی بارزانی د.جمیل بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردستان سید سدیق کبرانی بەڕیوەبەری ئەوقافی هەولێر شێخ ابراهیم بریاردەری پەیمانگا لەمەراسیمێکی شایستە چوارمین خولی دەرچوونی پەیمانگای کوردستان بەڕێوەچوو. سەرەتای مەراسیمەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد دواتر لەوتەیەکدا بەبۆنەی مەراسیمەکەوە پێشکەشی کرد وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی ئایینی بەڕێزو دەرچووان کرد هیوار سەرکەوتنی بۆ خواستن هەروەها ، بەڕێزیان رایگەیاند کە کردنەوەی پەیمانگای کوردستان یەکێک بوو لە خاڵەکانی کۆنفرانسی ڕێککەوتنی گوتاری ئایینی، بۆ ئەمە وەزارەتی ئەوقاف هەموو پشتیوانیەکی پەیمانگا دەکات تاوەکو لەرووی زانستی و ئەکادیمیەوە زێتر پەرەی پێ بدەین ئاماژەیدا کە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وەزارەتی ئەوقاف دڕێغی ناکات لەخزمەت کردنی مامۆستایانی ئایینی بەڕێز و پشتیوانی کردنیان لەبەرامەبەریشدا پێویستە مامۆستایانی ئایینی بەڕێزیش وەک کەسێکی بەرپرس مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەرکی سەرشانیشیان قورسە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمیش بەهەموو توانایەکەوە پشتیوانی خۆی بۆ مامۆستایان دووپات دەکاتەوە. دواتر وەزیری ئەوقاف رایگەیاندن کە بەپشت بەستن بەخوای گەورەو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسانی خەمخۆر لەسالێ تازە بارودۆخی دارایی کوردستان باش دەبێت و پاشەکەوتی مووچە کۆتایی دێت وەک هەستیش دەکرێ وورە وورەد گۆرانیەکان بەدیار کەوتوون پرۆژەکانی حکومەت دەستی پێ کردۆتەو بارودۆخی مووچەش لەسالانی رابردوو باشتر بووە.

دواتر بروانامەی دەرچوون و خەلاتی تایبەتی دەزگای خێر خوازی بارزانی لەلایەن بەڕێز وەزیری ئەوقاف وبەرپرسانی ئامادەبوەوە پێش کەش بە مامۆستایانی دەرچووکرا، جێگەی ئاماژەیە تاوەکو ئێستا 200مامۆستای ئایینی بەشداریان لەخولی پەیمانگا کردوەو لەسالێ داهاتووشەوە بەشداری کردن بۆ هەموو پێش نوێژو وتار خوێنان دەبێتە مەرجی ووتار بێژی.

کەنعان خەیلانی: پێشنیارکراوە ماوەی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بۆ 2 ساڵ درێژ بکرێتەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، پێشنیارکراوە ماوەی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەرلەمانی نوێی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە ئێستا ناکرێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت. کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هاڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەسەرچووە و پێویستە لە ڕێگەی یاساوە ئەو پرسە چارە بکرێت، بۆیە لە وەزارەتی ناوخۆ پڕۆژەیەک هەیە و ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ ئەوەی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت و پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگایەکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئێستا ناکرێ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت و هەموو لایەنەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن، لەبەر ئەوەی دۆخەکە لەبار نییە." کەنعان خەیلانی گوتی: "پێشنیارکراوە ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ دوو ساڵ درێژ بکرێتەوە، ئەمەش لە پەرلەمانی نوێی کوردستان دوای دیاریکردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەرێم بە یاسا دەنگی لەسەر دەدرێت و پەسەند دەکرێت." خەیلانی گوتیشی: "ئێمە بە نووسراوی فەرمی داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئەو پرسە چارەسەر بکرێت، یان هەڵبژاردن بکرێت، یان ڕێگایەکی یاساییی بۆ بدۆزرێتەوە.

سوپاس و پێزانین

سوپاسنامەیەک لەلایەن هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفینی پارتی، بەبۆنەی کۆتایهاتنی پرسەی مریەم خانی خوشکیانەوە.

بەناوی خۆمان و بنەماڵە و خزم و کەس و کارمانەوە، پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەوکەس و دۆست و برادەرانە دەکەین کە لەپرسەی خوشکماندا بەشداربوون.

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کە ڕاستەوخۆ بە تەلەفۆن سەرەخۆشی خۆی پێڕاگەیاندین و ئارامی پێمان بەخشی.

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاک مەسروور بارزانی بەڕێز کە جەنابیشیان ئەمڕۆ ئێوارە بەتەلەفۆن پرسەی سەرەخۆشی خۆیانیان پێڕاگەیاندین..

سوپاس بۆ هەڤاڵانی بەڕێز لە مەکتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و مەکتەبی کاک مەسرور بارزانی و لقەکان و فەرماندەییەکان و وەزیر و وەزارەتە بەڕێزەکان و پەرلەمانتارانی کوردستان و ئێراق و پارێزگاری هەولێر و ئەنجومەنی پارێزگا و دام و دەزگاو سەنتەرەکانی حزب و حکومەت و سەرجەم لایەنەسیاسیەکان و سەرۆک هۆزەکان و کەسایەتیە ئایینی و کۆمەلایەتیەکانی ئیسلام، مەسیحی، نوسەران، ڕۆشنبیران، ڕاگەیاندن کار و ڕۆژنامەنوسان هونەرمەندان و کاسبکاران و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان کە زۆر بەفراوانی و دڵسۆزییەوە هاوخەم و بەشداربوون لەگەڵمان.

سوپاس بۆ کوردانی هەندەران کە بەشێوازی جۆراو جۆر پەیوەندیان پێوەکردین و لەگەڵماندا هاوخەم بوون.

سوپاس بۆ هەموو کادرانی حزب کە بەهەموو شێوازیک هاوکار و هاوخەم بوون لەگەڵمان.

خوا تەمەنی خۆتان و ئازیزانتان درێژ بکات و خەمتان نەداتێ ان شائەللا.

***

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک حاجی حمە صالح کویخا عزیز چەقزی ریش سپی و کەسایەتی عەشیرەتی (کەلهور) و برای شەهید (حمە خورشید) سوپاس و ریز بی پایانمان بۆ جەنابی کاک سیداد بارزانی کە بەنوینەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی وەفدی یاوەری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەڕیزو بەرپرس و نوینەری لایەنەکان و کەسایەتی و سەرۆک هۆزو پیاوانی ئایینی و بەرپرسانی حزب و حکوومەت لەسلیمانی و هەولیرو کەرکووک و دەوروبەری، هەموو برایان کە زەحمەتیان کیشاوە بە تشریف هینانیان بۆ بەشداری پرسەو سەرقەبران و هاوخەمیمان.

خوای گەورە سەبووری هەموو لایەک بداتەوە انشاللا سەلامەت و دوور بن لەناخۆشی.

فاضل رەئوف/ لەجیاتی بنەماڵەی حاجی حمە صالح چەقزی

سەشەمین پێشانگەها پەرتوکان هاتەڤەکرن و نێزیکی 12 هزار ناڤ و نیشانان تێدا هاتنە بەرچافکرن



خەبات دهوک: ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ دوهی سپێدێ 4-12-2018ل هولا کونفرانسان بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ شەشەمین پێشانگەها پەرتوکان یا کو ژلایێ ڕێڤەبەریا چاپ وبەلافکرنێ هاتیە ئامادەکرن ڤەکر. پاش گەریانەک لناڤ پشکێن پێشانگەهێ کر وژنێزیک سەحکرە ناڤ ونیشانێن پەرتوکان یێن دپێشانگەهێدا هاتینە بەرچاڤکرن.

جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ دەست خوشی ل ڕێڤەبەریا چاپ وەشانێ و هەموو دەزگەهە و پەرتوکخانێن پشکدارکر وهیڤی خاستن هەرسال ئەڤ پێشانگەهە بهێنە ڤەکرن بو وێ یەکێ خاندەڤان و رەوشەنبیری و قوتابی بشێن پتر مفای ژێ وەرگرن. هەژی گوتنێ یە دناڤا پێشگەهێدا نێزیکی دوازدە هزار ناڤ و نیشانێن پەرتوکێن جورا وجور ب زمانێن کوردی وئەرەبی وئنگلیزی هاتبونە بەرچافکرن و نێزیکی 25دەزگەهێن چاپ و وەشانێ و پەرتوکخانە و بریکارێن وان یێن سەرەکی ل هەرسێ پارێزگەهێن هەرێمێ پشکداربون ، بریارە پێشانگەھ بو ماوێ حەفت روژا یا بەردەوامیبت هەتا روژا 10-12-2018و بهایێ فروتنا پەرتوکان ب ڕێژا 10-50%هاتیە

سالیادی ڕۆژی نیشتیمانی و یادی 100 ساڵەی یەکگرتنی ڕۆمانیا لە هەولێر کرایەوە

نووسینگەی کونسولگەری کۆماری ڕۆمانیا لە هەولێر، 3ی دیسێمبەری 2018 مەڕاسیمێکی بەبۆنەی ڕۆژی نیشتیمانی و یادی 100 ساڵەی یەکگرتنی ولاتی ڕۆمانیا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی بالای حکومەت و پەرلەمانتار و نوێنەرانی بیانی و ژمارەیەکی زۆری میوانان ڕێکخست.

لە سەرەتا بەرپرسی نووسینگەی کونسولگەری کۆماری ڕۆمانیا لە هەولێر، ئاندرێ ستانیسکۆ بەخێرهاتنی تەواوی میوانانی کردو یادەوەری ئەم ڕۆژەی لە گەلی ڕۆمانیاو هەموولایەک پیرۆزکرد.

دواتر بالیۆزی ڕۆمانیا لە عێراق، یاکوب پرادا ووتاری دەستپێکی مەڕاسیمەکەی بە پوختەیەک لەسەر مێژووی ڕۆمانیا پێشکەشکرد و ڕۆژی نیشتیمانی ڕۆمانیای بەڕۆژێکی تایبەتی ڕۆمانیەکان وەسفکرد، تیشکی خستە سەر ساتێکی مێژوویی ئەوکاتەی لە 1ی12ی 1918ویلایەتی ترانسلڤانیای ڕۆمانی بڕیاری یەکگرتنی لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی تری مۆلدۆڤا و وڵاچیا دا کە پێشتر لە ساڵی 1859ئەم دوو ویلایەتە یەکیان گرتبوو، دواتر بە هەر سێ ویلایەت نوێنەرایەتی دەستپێکێکی نوێ و بونیاتنەری دەوڵەتێکی مۆدێرنی ڕۆمانیایان کرد.

بالیۆز یاکوب پرادا لە هاتنە سەر باسی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە گشتی ووتی ڕەنج و قوربانیدانی هێزەکانی سەربازی عێراق و پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیەکان لەپاڵ ئەوانیشدا پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە شەری دژ بە تیرۆرستانی داعش لەبیرناکرێن. ئەوان ئەرکی خۆیان بەوپەڕی توانەوە بەجێگەیاند بۆیە شایانی سوپاسگوزاری و پشتیوانیان بەردەوامی سەرجەم گەلانی جیهانن.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا بەڕێزیان خواستی وولاتەکەی لەسەر بنەمای هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ یەکتر نیشاندا بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی عێراقی و پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە و ڕۆشنبیری لەسەر بەهاکانی دیموکراسی و یاسا و دەستوور و ئابووریەکی چالاک.

هەر لە مەڕاسیمەکە، فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەت وتاریکی پێشکەشکرد و سوپاسی هەریەک لە بەرپرسی نووسینگەی کونسولگەری کۆماری ڕۆمانیا لە هەولێر، ئاندرێ ستانیسکۆ و بالیۆزی ڕۆمانیا لە عێراق، یاکوب پرادا و سەرجەم دۆستانی ڕۆمانیای کرد بۆ هاوبەشیکردنی چیرۆکی سەرکەوتنیان و پشتیوانیان بۆ هەرێمی کوردستان.

بەڕێزیان بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوندیەکانی دەرەوە پیرۆزبایی ڕۆژی نیشتیمانی و یەکگرتنی ڕۆمانیای لە گەل و حکومەتی ڕۆمانیا کرد و پەنجەی خستە سەر ئەو ڕاستیەی کەوا هەرێمی کوردستان لەماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بەبێ پشتیوانی هاوبەشانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیدەتوانی بەسەر سەختی و ناخۆشیەکاندا زاڵ بێت. هەر لەبەر ئەمەش هەرێمی کوردستان پابەندبونی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا دووپاتەکاتەوە. دواتر سوپاسی ڕۆمانیای کرد بۆ دابینکردنی هاوکاری مرۆیی و سەربازی لە شەڕی دژ بە داعش بۆ هەرێم.

سەبارەت بەدوایین گۆڕانکاریە سیاسیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە فەلاح مستەفا ووتی دوابەدوای تەواوبوونی هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئیرادەیەکی بەهێزترەوە کار بۆ چەسپاندنی یاسا و چاکسازی کۆمەڵاتی پتەوکردنی هەماهەنگی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ سەرجەم هاوبەشانی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات ئەمەش لەپێناو فەراهەمبوونی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە.

لەکۆتایی ووتارەکەیدا فەلاح مستەفا خواستی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوندی دووقۆڵی و هەماهەنگی لەگەڵ کۆماری ڕۆمانیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لەبواری کانی وپەروەردە و وەبەرهێنان و گەشەپێدان.

لەخانەقین پیاوێک بە پێنج فیشەک هاوژینکەی خۆی کوشت

خەبات / سەربیە یوسف: پۆلیسی خانەقین، وردەکاری هەواڵی کووشتنی ئافرەتێکی ئاشکرا کرد . عەقید دیار شەکەوت، بەڕێوەبەری پۆلیسی خانەقین، بە خەباتی ڕاگەیاند درەنگانێکی شەوی ڕابردوو لە گوندی یوسف بەگی سەر بە شارۆچکەی خانەقین پیاوێک بە چەکی کلاشینکۆڤ هاوسەرەکەی خۆی کوشت.

هەروەها گوتیشی ئەو ژن و پیاوە خەڵکی شاردێچی سەعدیەن و لە ساڵی 2014دەوە ئاوارەی سنووری خانەقین بوونە.

هەروەها عەقید دیار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بکوژەکە پیشەی کاسب بووە و هاوژینەکەشی تەمەنی 24ساڵ بووە . سەرچاوەیەکیش لەبەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی خانەقین بۆ خەبات ئاشکرای کرد.

ئافرەتەکە پێنج فیشەکی بەر کەوتووە.

کەلار... 20 فرۆشگاو شوێنکار سزادران

خەبات/ سەربیە یوسف: ێ لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیانەوە خاوەنی 20 دووکان و شوێنکار بەهۆی سەرپێچیکردنی لە ڕێنماییەکان سزا دران.

لەو بارەوە، سیروان حەسەن، بەرپرسی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی کەلار، بە خەباتی ڕاگەیاند سەرلەبەیانی دوێنێ لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی کەلارەوە، خاوەنی 20 دووکان و شوێنکار بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان سزا دراون.

وتیشی هەندێک لە دووکان و شوێنکارەکان خۆراک و کەرەستەی ماوە بەسەرچوویان تێدا گیراوە و ژمارەیەکیشیان جلی کارکردنیان لەبەر نەکردووە.بەرپرسەکەی قایمقامیەتی کەلار ڕاشیگەیاند سزای سەرجەم خاوەن دووکانەکان مادی بووە، هاوکات دووپاتی کردەوە لیژنەکانیان بەردەوام دەبن لەگەڕان و پشکنینەکانیان لەپێناوی پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی بەناوی یوسف یعقوب عبدالله وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی بەناوی یوسف یعقوب عبدالله وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی عەنکاوە ژمارەی پسوولە ٠٦٦٣٨٦٢ بەروار ٢٠١٦/١١/١٦ بەبری ١٠١٥٠٠٠ بەناوی صادق جوهر حسن وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی

***

مديرية التسجيل العقاري سميل
الى الراهن (صالح عمر درويش)
م/اعلان

طلب الدائن المرتهن (مصرف كوردستان الاسلامي الدولي الاستثمار التنمية/فرع دهوك) بيع عقارك المرقم (٣٢/٦٦٤) مقاطعة ٣١ شاريا) بالمزايدة العلنية وفق المادة (١٦١) من قانون التسجيل العقاري المرقم ٤٣ لسنة ١٩٧١ وذلك لانتهاء المدة المذكورة عن موعد تسديد مبلغ الرهن لذا اقتضى دفع مبلغ الرهن الى الدائن المرتهن خلال (١٥) خمسة عشرة يوما من تاريخ النشر المتاخر في احدى الصحيفتين ولمجهولية اقامتك قرر تبليغك اعلانا بصحيفتين محليتين يوميتين وفق المادة (١٦٧ فقرة ١ من قانون التسجيل العقاري) وعند عدم تسديدك مبلغ الرهن في الموعد المحدد في الاعلان ستجري المزايدة العلنية للعقار اعلاه وفق الاصول

الحقوقي/عمر ابراهيم احمد / مدير التسجيل العقاري سميل

***

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو
العدد: ٤٥/تنفيذ/٢٠١٨
التاريخ: ٢٠١٨/١١/١٨
اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع العقار المرقم (٧٦٨/١) مقاطعة ١١ اشكفت مارا) الواقع في منطقة زاخو محلة (مهمدية) و المسجل باسم المدين (جميل جمعة حاجي) و المحجوز لقاء دين الدائن (شركة شيرزاد ميرو) و البالغ ٣٨,٠٠٠,٠٠٠ و ثمانية و ثلاثون مليون دينار عراقي فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة ٣٠ ثلاثون يوما تبدا من اليوم التالي للنشر مسطحبا معه التأمينات البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة البالغة (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ثمانون مليون دينار عراقي وكذلك جلب شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم التسجيل و الدلالية تقع على عاتق المشتري.

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن
مديرية تنفيذ زاخو

الموصفات:
١- الموقع/ زاخو
٢- الرقم ٧٦٨/١ مقاطعة ١١ اشكفت مارا
٣- الجنس و النوع/ دارسكن
٤- الحدود و الصاف/ دار سكنى يشمل طابق واحد (غرفتين نوم استقبال و هول خارجي و هول داخلي و مطبخ و مشتملات البيت بسقف كوستيك و وجود سيراميك ١٢٠ سم فى الاستقبال و فى الهول الداخلى و الخارجى اضافة الى وجود بيتونة.
٥- المساحة/ ٢٥٠ متر مربع.

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٢٣٥/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٤
بۆ/ تاوانبار شیلان شوکت کریم
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٦ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ناشکرا وە بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بە گۆڕەی مادەی ٢٤٠ لەیاسای سزادان ١- حوکم درا بەسەرتا بۆ ماوەی ٢ مانگ لەسەر کێشەی ٢٠١٦/٢/١٩ ٢- حوکم درا بەسەرتا بۆ ماوەی ٢ مانگ لەسەر کێشەی ٢٠١٦/٣/٤.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بڕیارە بە گۆڕەی یاسا.

دادەر/ اکرم عباس حمه

***

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٣٢١/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت:٢٠١٨/١٠/٢٨
ئاگاداری
سکالاکاران/ ١- خدر عبدالله عثمان ٢- فاطمه ابراهیم یوسف
تۆمەتبار/ شیرین خضر حسین
بۆ تۆمەتبار شیرین خضر حسین کە شوێنی نیشتەجێبوونت نایارە.
دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٨/١٢/٣٠ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٣٢١/ك/٢٠١٧ بەپێی مادەی (دووەم) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ بەختەوەر صابر سعید

***

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ١٣٤/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١٠/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سرخیل همزه قرنی/ تەمەن ١٩٨٥/ ناوی دایکی: پیرۆز عبدالله
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژانە ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٣٩٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٢
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: وەرزێر کریم سعید غفور
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٩٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ازمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٦٣٦/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٢
بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: خلیل الله بهمن سلێمان و علی ولی الله اریافر
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراون بۆ ئەم دادگایە بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی مادەی (٢٩٩) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگاتان دیاری کراو نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ٢٢٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان عمر شهاب مصطفی
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەم دادگایە بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی
خۆیەتی
ژمارە: ٦٥٠٧/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢
بۆ/ بەڕێز م. یاریدەدەر (وریا احمد رشید)
ئاگادارکردنەوە (اخطار)

لەبەر دەستبەکارنەبوونەوت دوای تەواوبوونی مۆڵەتی بێ مووچە لە ٢٠١٨/١١/٤ داوات لێ دەکەین بگەڕێیەوە سەر کار لە ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییان لە یەکێک لە ڕۆژنامە فەرمیەکان بەپێچەوانەوە دەستبەردار دەبیت لە کارەکەت بەپێی برگەی ٤ مادەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو.
پ.ی.د. نریمان عبدالله کریم
راگر بەوەکالەت

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٤٤٣٦/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١/٢١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (نەبەز هیدایەت محمد)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری گشتی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١١٩/٢٩٧٣) لە ٢٠١٨/١٠/١٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نایارە بەپێی اشعاری موختاری نایارە بەپێی اشعاری سلێمانی (موختاری گەرەکی هەرەوزی) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ، تۆ مافی نارەزایی (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایدا.
دادەر/ سلیم حمو دیاب

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٢٥٤٢/ش٢٠١٨/٢
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو(خسرو فیض الله الماس) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٢٥٤٢/ش٢٠١٨/٢وە لەبەرواری ٢٠١٨/١١/٢٦ بڕیاریدا لەسەر (التفریق للهجر) لەنێوان تۆو داواکار (هیرو خلیل خواکرم)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (سلیمانی گەرەکی راپەڕین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆ ژلە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارانە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر: طارق حسین کریم

***

ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٣٩٩/ت/ ٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٨/١١/٢٢
ئاگەهداری
ڕێگەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (امیر محمد علی احمد) د مولکێ ژمارە (٤١ تاخی سردبکی ل ئامیدیی)) بو جارا دووی ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ تەحصیلی وەدلالیێ لسەر بکری نە ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤١ تاخی سردبکی ل ئامیدیی)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (٢٧٧) م٢
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری :- (٢٤٥٠٠٠٠٠) بیست وجار مەلیون وپێنج سەد هزار دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە /٥٦٤/ش/ ٢٠١٨
ڕێکەوتی / ٣ / ١٢ / ٢٠١٨
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : ژیان سعید امین
ل دیف داخازیا داواکاری (رمضان مصطو حمو) وکێشا ژمارە (٥٦٤ /ش/٢٠١٨) کو تێدا داخوازیا لادانا رهما تە ژلایێ بابی ڤە بو داواکاری و ژلایێ دەیکێ ڤە بو ژنکا وی یا مریی (هدلە عبدالله ابراهیم) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ناکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٤٢٤٥) ل ٣ / ١٢ / ٢٠١٨ و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ زاویتە ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا نامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ١١ / ٢٠١٨/١٢ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە نامادەبکی و بەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.
دادەر / یوسف الیاس سدن

***

پەیامنگەی تەکنیکی سۆران
بەشی کاروباری کارگێڕی / خۆیەتی
ژمارە : ١٨/٣٥٨٨
ڕێکەوت : ٢٠١٨/١١/٢٨
بۆ / بەڕێز سنوور هاشم حمه
ب / ئاگادارکردنەوە
دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیان ژمارە (١٨/٣٤٠٤) لە بەرواری (٢٠١٨/١١/١٤) بە هۆی دەست بەکارنەبوونەوەت لە پەیانگا لە بەرواری (٢٠١٨/١١/١٠) ئاگادارت دەکەینەوە پێویستە دەست بەکار بیتەوە لە ماوەی یەک هەفتە گەر لە ناوەوەی وولات بێت و (١) یەک مانگ گەر لە دەرەوەی وولات بیت بە پێچەوانەوە بە دابچران (فصل) ئەژمار دەکرێت بە پێی مادەی (٣٧) لە یاسای خزمەتگوزاری شارستانی ژمارە (١٤) ی ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراو .
لەگەڵ ڕێزماندا...
پاکستان حمدامین یوسف/ ڕاگری پەیانگا

***

دادگای باری کەسێتی لە کەلار
ژمارە : ١٤٥ /ش / ٢٠١٧
ئاگاداری
بۆ داوا لەسەرکراو/ محمد سعید حمید
داواکار (نور طارق مجید) داوای ژمارە (١٤٥ / ش / ٢٠١٧) ی لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت وەتیایدا داوای (تفریق المهجر) ی کردوە، وە بڕیار دەرچوە بە پاشملە دەرهەق بەتۆ بە (تفریق المهجر) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونت نایارە بەپێی اشعاری ئەنجومەنی گەرەکی (کەلار /حمرین) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت بە بڕیاری دادگا لەڕێگەی دووڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بەمەبەستی ئاگاداربونت بەو بڕیارە پاشملە بۆیە مافی تانەگرتن (اعتراض) و پێداچونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت .
دادەر / عباس محی الدین قادر

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای بەرایی هەولێر/٣
ژمارە: ٥٦٢ اعتراض الغیر/ب/٢٠١٧/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١١/١٣
جاردان
بۆ / نارازی لەسەر (محمد حمید رمیض)
نارازی (کامران احمد همزه) داوای ژمارە (٥٦٢ اعتراض الغیر/ب/٢٠١٧/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر نارازی لەسەر (محمد حمید رمیض) ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٧/٢٦ بڕیایدا بە ڕەد کردنەوەی داوای نارازی . لە بەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نایارە بەپێی اشعاری سلێمانی (موختاری گەرەکی هەرەوزی) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ، تۆ مافی نارەزایی (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایدا.
دادەر/ سلیم حمو دیاب

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٢٥٤٢/ش٢٠١٨/٢
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٤
جاردان
بۆ/ داوالێکراو(خسرو فیض الله الماس) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٢٥٤٢/ش٢٠١٨/٢وە لەبەرواری ٢٠١٨/١١/٢٦ بڕیاریدا لەسەر (التفریق للهجر) لەنێوان تۆو داواکار (هیرو خلیل خواکرم)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (سلیمانی گەرەکی راپەڕین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆ ژلە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارانە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەر: طارق حسین کریم

***

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Job Description

Functional Job Title:	**Social Engagement Officer**
Department:	Operation / Social Performance
Reports to:	Field Social Performance Field Manager
Region:	Kurdistan, Iraq
Location:	Kormor and Chemchemal
Document Ref	SEO/CSR/Dec/2018

Position Overview:

Reporting to the Field Social Performance Manager, the Community Liaison Officer will build a harmonious and mutually beneficial relationship between Crescent Petroleum and the stakeholders (Community) in the area of operation by acting as the key interface between the Company and local stakeholders.

The Monitor is responsible to act as the interface between Company and Community in identifying local area community requirements, receiving and distributing two-way communication on Community grievances issues and providing field support in executing approved initiatives for community development within the scope of the approved Corporate Social Responsibility program of the Company. Interface between communities and CSR Manager to ensure effective communication, responsible for identifying execution strategy/resources to carry out such approved programs in most economical manner while providing maximum coverage and benefit to the communities. The position will interface with local area authorities on day to day basis to seek necessary support for execution of these programs. .

Responsibilities, Duties, and Accountabilities:

- Undertake key processes aimed at generating and sustaining the social license to enable smooth implementation of operations;
- Support Crescent in the communities and public events with a view to enhancing Crescent understanding of community dynamics and community needs;
- Develop and maintain close networks with local, district and county leadership;
- Liaise with relevant local, district and county authorities to ensure good stakeholder relationships;
- Develop and sustain an effective two-way communication network between the Company and Advisory committees;
- Provide business insight and advise the Company about community activities that may impact Crescent's operations;
- Gather information on social impact of Crescent operations on immediate communities and consult internally and with community leadership on mitigation measures;
- Submit daily activity reports to line manager or his designate.
- Monitor interaction between sub/Contractors, locally employed persons and local communities and report any impropriety or Concern to the Company
- Carry out sensitization campaigns to educate the local communities on Crescent's activities on the ground.

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Responsibilities, Duties, and Accountabilities:

- Providing inputs by identifying development opportunities in the different sectors for community development annual planning.
- Research and provide recommendations on Community Development opportunities in the local areas.
- Conduct a cost/benefit analysis to support proposed projects and services
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed upon projects
- Work closely with Field Social Performance Manager to prepare appropriate budgets for community development activities and programs in order to ensure necessary resources will be allocated for execution
- Submit required reports concerning milestone progress of the implemented projects
- Improved communication and public relations
- Set up network of relationships with all local communities across the areas of operations and pipeline.
- Perform other related duties as required by supervisor

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	College Graduate; or potential experience in similar job
Experience	2-3years Relevant past experience in similar job preferably in similar industry
Language	Native Kurdish and fluent in reading, writing and speaking English & Arabic as well
Certificates/Licenses	Any certificate putting value to the position
Unique requirements of the job	• Degree level education/equivalent similar work experience • Experience in rural areas for CSR. • Good computer skills • Good English, Kurdish and Arabic • Good organizational, Self-confident and problem-solving skills.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 11 December 2018:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, German Village, Villa # 22

OR
Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: Social Engagement Officer, Ref: SEO/CSR/Dec/2018)

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥٥/ت/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٣
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٤٦٩٢/هەولێر -تایبەت) جۆری (مازدا صالون) مۆدیل (١٩٩١) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (سعدی رسول مولود) لە رۆژی (٢٠١٨/١٢/١٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار).
دادەری یەکەم / محمد احمد عمر
* * *
زانکۆی هەولێر پزیشکی
کۆلێژی دەرمانسازی
ژمێریاری
ژمارە: ٢٠٨٧/٥٤/٧
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٣
ئاگاداری
کۆلێژەکەمان هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کافتریای کۆلێژ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨-٢٠١٩ لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا جا هەرکەسێك شارەزای لەم بوارەدا هەیە دەتوانێت بەشداری ئەم زیادکردنە بکات بۆ ئەم مەبەستەش با سەردانی یەکەی ژمێریاری کۆلێژ بکات بۆ کڕینی تەندەر کە نرخەکەی ١٥٠٠٠ پازدە هەزار دینارە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٨/١٢/٤ دەست پێدەکات دواکات بۆ گەرانەوەی تەندەرەکان لە رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٩ دەبێت کاتژمێر ١٢ دوازدەی نیوەڕۆ
مەرجەکانی بەشداریکردن
١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی داهاتی هەولێر.
٣- داهاتی بارمەتەی سەرەتای بەبری ١,٢٥٦,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو پەنجاو شەش هەزار دینار یان چەکی باوەڕپێکراو یاخود (خطاب ضمان).
٤- ئەو کەسەی بەشداری دەکات لە زیادکردنی ئاشکرا نابێت فەرمانبەر بێت لە دامودەزگا حکومیەکان، بەپێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە وە رێگای یاسایی ئەنجام دەدرێت.
٥- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت وە صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦-گەرانەوەی تەندەر لە ژمێریاری کۆلێژ دەبێت وە لەناو زەرفێکی داخراو کە واژوو ژمارەی تەلەفۆنی بەڵێندەری لەسەر بێت.
٧- ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت پشتگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت.
٨- ئەو کەسەی تەندەری یانەی کۆلێژی بۆ دەردەچێت دەبێت مۆڵەتی تەندروستی لەلایەن هۆبەی چاودێری تەندروستی بێنێت.
پ.ی.د. علاء الدين محمد نقشبندی
راگر
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە: ٢١٤/ب/٢٠١٨
رێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٣
ئاگەهداری
لدیف فەرمانا دەرچووی ل ئ دادگەهێ ب ژمارە ٢١٤/ب/٢٠١٨ ل ٢٠١٨/٨/٢ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە (١٣٩٣/١) کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتێن وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ ٣٠ سیە رۆژا هەر ژ روژا پشتی بەلاڤکرنا ئ ئاگەهداریێ و هەرکەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەردانا ئ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر ١٢ دوازدەی نیڤرۆ ژتمام کرنا ٣٠ سیە رۆژا پشتی رۆژا بەلاڤکرنا ئ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا داینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ ٥٢,٠٠٠,٠٠٠ پێنجی و دوو ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە رەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف رێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی و دەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە روژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی روژا دویف دا دبیتە روژا ژڤانی.
دادەر/ ابراهيم خشمان گرگری
سالوخەتێن زەڤیێ:
رووبەرێ ئەردی/ ٢٦٢,٢٧م٢
جورێ زەڤیێ/ دوو ئاڤاهی لسەر زەڤیێ هەنە ئێك ژوان روکنە
* * *
سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە/٣٠١/٢/٢ / ٥٧٤٤
رێکەفت/١٢/٤/٢٠١٨
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو رادگەهینت ژبو هوبونا سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا پارچە زەڤیا ژمارە (٢٣٠١/١) کەرتێ ١٤ عباسیە ژبو (جهێ فروتنا فێڤی و زەرزەواتی) ب رووبەرێ (١٤٣٢,٤٦م٢) بو ماوێ ٣ سالان ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرئیك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب برێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) روژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د روژنامە فەرمی دا و سەرئیك زێدەکرن دێ ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرئیك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجیا سەرەدەرکت.
ئەندازیار
بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ١٥٢١/ب/٢٠١٨/٤
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Casco petroleum Middle East)
سەرەرای کارەکەی
داواکار (براهيم نبيل عبدالله يحيى العلوی- بەرێوەبەری رێ پێدراوی کۆمپانیای المنصوری بۆ کارگوزاری نەوت (الخدمات النفطية) سەرەرای کارەکەی ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٥ بریاری دا بە پابەندکردنی داوالێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Casco petroleum Middle East) سەرەاری کارەکەی بە دانەوەی بە داواکار بەرێوەبەری رێ پێدراوی کۆمپانیای المنصوری بۆ کارگوزاری نەوت (الخدمات النفطية) بەبری ٣٨٦,٧٠٦,٤٦ سێ سەدو هەشتا و شەش هەزارو حەفت سەدو شەش دۆلار و چل و شەش سەنت یاخود بە دیناری عیراقی لە رۆژی بەرزکردنەوەی لە بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٠ لەگەڵ خستنە ئەستۆی مصاریف و ماندووبوونی پارێزەرایەتی بریکاری داواکار پارێزەر دارا اسماعیل منصور بری ٢٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری گوندی ئەمریکی بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە لەماوەی یاسایی دا مافی نارەزایی و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ قباد شێرزاد نوری
* * *
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٨٤٥/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٤
ئاگاداری
بەرێوبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٨٤٥/٢٠١٨) ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٥٢٩٠٢ هەولێر تایبەت) جۆری (کیا) مۆدێل (٢٠١٢)ی قەرزار (هیژا بوتان اسماعیل) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (ابراهيم عبدالغنی برهان) کە بڕی (١٣,٠٠٠,٠٠٠) دینارە هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەرێوبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی ئۆتۆمبێلەکەش بەبری (١٣,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Job Details	
Position Title	Workover Supply Chain Technical Assistant
Direct Supervisor	Drilling Supply Chain Supervisor.
Department	Drilling Supply Chain
Job Location	Sulaimany– Kurdistan (14/14 days ON/OFF rotation)
Document Ref: WSCTA/SC/Dec/18	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Ensures Procurement functional compliance for all internal and external requirements, Procurement of Workover materials, issues, track consumptions records, be able to execute functional compliance requirements. Reports to the Drilling Supply Chain Supervisor.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
1. Ensures all Operating Safety environment and security procedures are followed as per the company's HSE rules and regulations in order to maintain highest standards of Procurement operations achieved.
2. Maintains procurement documentation and approved Supplier list.
3. Gathers all required documentation to add, change or obsolete suppliers to the Approved Supplier List and distribute.
4. Reviews vendor list including prequalification of new vendors.
5. Works closely with Vendors to ensure the key process are running efficiently and cost effective.
6. Adheres to the company's policies with particular regards to Accounting procedures.
7. Reviews Bidders recommendation and bid comparisons.
8. Works closely with suppliers to ensure that key processes are running efficiently and cost-effectively.
9. Builds strong working relationships both internally and with key suppliers.
10. Reviews material requisition status reports.
11. Prepares Purchase orders for goods and services.
12. Identifies new suppliers/vendors and update database accordingly.
13. Contacts vendors or agency representatives to obtain availability and product information to solicit bids.
14. Develops RFQ and confer with Vendors.
15. Coordinates spare parts procurement.
16. Updates Tracking Sheet and send reports to end users.
17. Carries out Budget Tracking for MR's with Accounts and prepare monthly report.
18. Updates MR's using E-buyer assists system and adhere to minimum queries.
19. Tracking of all procurement invoices and checking all documentation prior processing of invoices.
20. Follow up with Account Dept for processing of invoices.
21. Maintain records of tools, equipment consumed in the work over operation and verify Inventory stocks.

Reporting and Communication
22. Reports to the Drilling Supply Chain Supervisor on all issues relating to Logistics and Procurement.
23. Exhibits and maintains professional relationships with vendors and suppliers.
24. Exhibits and maintains excellent working relationships with all CreDan's staff.

Continuous Improvement of Position
25. Attends periodic meetings, seminars and trainings to keep abreast of Supply Chain trends and market developments.
26. Regular interaction with Work over team to be aware of workover objectives, materials & resource requirement & develop an appropriate work plan.

Working and Other Reporting Relationships	
Drilling Supply Chain Supervisor – Crescent Petroleum– Dana Gas	Frequent/daily
Head of Business Services – Crescent Petroleum– Dana Gas	Frequent
Work over team – Crescent Petroleum– Dana Gas	Frequent/daily.

Supervisory Responsibility
Have to guide roustabouts in ware house on proper handling & storage of Completion tools.

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
Bachelor's Degree in engineering; preferably in Petroleum or Mechanical discipline.

Minimum Professional Experience Required
Minimum 03 years of professional experience in Procurement, Knowledge of Completion tools & accessories.

Special Requirements and Conditions
Will have to transit between Suli Drilling Office and KM Plant (work over office) based on operational requirements.

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent organizational and planning skills • Excellent communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to meet deadlines • Ability to work under stress	•Tact and good judgment in dealing with sensitive issues • Team player • Well-rounded interpersonal skills • Ability to demonstrate honesty and confidentiality • Proactive approach • Flexibility • Alertness and attention to details	• Knowledge of Work over operations and tools function & requirement • Knowledge of Computerized Inventory and Tracking Systems • Knowledge of HSE aspects and requirements as applied to industrial projects • Excellent knowledge of MS Office Suite

Crescent Petroleum
دانة غاز DANAGAS

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 14 December 2018:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, German Village, Villa # 22

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: (Workover Supply Chain Technical Assistant), Ref: WSCTA/SC/Dec/18.

بۆنبڕیی.. لەنێوان پیشەیەکی بۆماوەیی و ئەفسانە و زانستێکی شاراوەدا

بۆنبڕەکەی هەولێر لە ڕێگەی بۆنکردنی ناولەپەوە پشکنین بۆ گەورە و بچووک دەکات

بە خۆی و باوک و باپیرییەوە زیاتر لە 100 ساڵە ئەو کارە دەکەن



بەدواداچوون: بڕیار کۆیی

کاتێک بەنێو بازاڕی قەسیەری شاری هەولێردا گوزەر دەکەی ئەگەر سەرنج بخەیتە سەر دووکانەکانی ئەمبەر و ئەمبەر یاخود نا، بەدەست خۆت نابێت و دووکانێکی بچکۆلەی شێوە و ڕەنگ جیاواز لە ئەوانی دیکە سەرنجت ڕادەکێشێت ، زۆر کەس دەپرسێ ئەمە چییە و کۆیێیە؟ هەشە تێپەڕدەبێت و ناشپرسێت، دووکانێکی ڕەنگاوڕەنگ و قەرەباڵغ بە ئاوێنە و وێنەی یادگاری و هەندێ کەلوپەلی کۆن ، دووکان یان شۆینی "بۆنبڕ"ەکەی هەولێر، کە بەپێی زانیارییەکان نزیکەی ١٠٠ ساڵە هەمان کار و کەسابەت و پیشەی تێدا پەیڕەو دەکرێت، سەید ماجید جوبرائیل کە ئێستە تەمەنی ٥٧ ساڵە و بە بۆنبڕەکەی هەولێر ناسراوە و بەپێی گوتەی خۆی ئەو کار و بەهرەیەی لە باپیرە گەورەیەوە بۆ ماوەتەوە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە "ئەو زانستەیان"لەلایە و لە هەمان دووکانیش دادەنیشن و کارەکەن. هەرچەندە ناوەکەی"بۆنبڕی"یە بەڵام کارەکەی بریتییە لە پشکنینی ئەو کەسانەی کە گوایە بەهۆکاری جۆراوجۆر ترساون، دواتریش چارەسەرکرنیان کە زۆرینەیان مندااڵی خوار تەمەنی ٥ ساڵانن، سەید ماجیدی بۆنبڕ دەڵێ هەر مندااڵێک یان کەسێکی بە تەمەن گەورەش کاتێک دەهێنرێتە لام بۆنی ناو لەپی دەکەم لەو ڕێگەیەوە دەزانم ترساوە یاخود نا ، دوای ئەمەش دوو جۆر دەرمانی پێدەدەم"ئیدی عەیبی نامێنێ".

١٧ ساڵە ئەو کارە دەکات و لە باپیرە گەورەیەوە بۆی ماوەتەوە

بەپێوستم زانی بۆ دەستکەوتنی وەاڵمی چەندین پرسیار سەبارەت بە پیشە یان زانست و بەهرەی"بۆنبڕی" سەردانی بۆنبڕە تاقانەکەی هەولێر لەنێو بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر بکەم و دانیشتنێکی کورتی پڕ پرسیار لەگەڵ سەید ماجید جوبرائیل ئەنجام بدەم، ناوبراو سەبارەت بە پیشەکەی بۆ(خەبات) گوتی: "لەسەر وەسیەتی باوکم ئەو ئیش و خزمەتە دەکەم و ١٧ ساڵە لە شوێنی باوکم دادەنیشم و کاری بۆنبڕی باوکیشم ئەو کارەی دەکەم، باوکیشم ئەو کارەی کردووە، جگە لەو کارە پیشەی خۆشی هەبووە کە کورتان دووربن بووە، کاتێک من منداڵ بووم پرسیارم لەبارەی بۆنبڕییەوە لێ دەکرد ئەو دەیگوت لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، واتا باپیری من، هەروەها باپیرەشم لە باوکییەوە بۆنبڕیی بۆ بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر دەکرد و هەیە".

چەندین پزیشک کاتێک زانیویانە منداڵەکە ترساوە ڕاستەوخۆ بۆ لای منیان ناردووە

سەید ماجید کە ئێستا تەمەنی ٥٧ ساڵە، لەنێو دووکانێکی بچووکی نێو ماوەتەوە، واتا دەبێتە چوار پشت کە ئەو کارە دەکەین و ئەو بەهرەیەمان هەیە، زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەو بەهرەیە لەنێو خانەوادەکەی ئێمە هەولێر دادەنیشێت و بەپێی گوتەی خۆی ڕۆژانە بەدەیان کەس بۆ چارەسەری ترسی منداڵەکانیان سەردانی دەکەن، جگە لە منداڵ کەسانی گەورەش سەردانی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کاریگەری ڕووداوێک کە بەسەریاندا هاتووە و بووەتە هۆی ترس بڕیان و نەخۆشکەوتنیان، سەبارەت بە ئەو دووکانەی ئێستا تێیدا کاردەکات ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە باوکی و باپیری لەهەمان دووکان کاری بۆنبڕییان کردووە بۆیە ئەویش تاوەکو ئێستا لە هەمان شوێن ماوەتەوە و ئامادە نەبووە دووکان و شوێنەکەی بگۆڕێت گەورە بکەم و لە ڕێگەی هەمان بەهرەوە خزمەت بکەم".

نیشانەکانی ترس چین؟

سەبارەت بە نیشانەکانی ترسانی منداڵ، ئاخۆ چۆن دەزانرێت منداڵێک ترساوە، کاتێک منداڵێک دەبردرێتە لای بۆنبڕێک چۆن دەپشکنرێت، ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نیشانەکانی کاریگەری ترس لەسەر منداڵ بریتییە لە گریان و تا و گریان و لەخەوڕاچڵەکینی شەوانەی منداڵ، هەروەها ناولەپی ئەو منداڵ و کەسەی کە ترساوە زۆر گەرم دەبێت. هۆکاری ترسیش لای منداڵ لە زۆربنەی حاڵەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ قەرەباڵغی دەوروبەری، منداڵ بۆ منداڵ دەگۆڕێ هەیە هەفتانە هەیانە مانگانە و منداڵیش هەیە ساڵانە تووشی ترس دەبێت ، بەڵام زیاتر لە سەدا حەفتای منداڵ مانگانە تووشی ترس دەبن.

سەید ماجید دەشڵێ: " کاتێک منداڵێک دەهێندرێتە لام ناو لەپی بۆن سکچوون و تا و گریان و لەخەوڕاچڵەکینی شەوانەی منداڵ، هەروەها ناولەپی ئەو منداڵ و کەسەی کە ترساوە زۆر گەرم دەبێت. هۆکاری ترسیش لای منداڵ لە زۆربنەی حاڵەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ قەرەباڵغی دەوروبەری، منداڵ بۆ منداڵ دەگۆڕێ هەیە هەفتانە هەیانە مانگانە و منداڵیش هەیە ساڵانە تووشی ترس دەبێت ، بەڵام زیاتر لە سەدا حەفتای منداڵ مانگانە تووشی ترس دەبن.

سەید ماجید دەشڵێ: " کاتێک منداڵێک دەهێندرێتە لام ناو لەپی بۆن دەکەم بەمەش دەردەکەوێت کە ئاخۆ ترساوە یان نا ، ئەگەر ترسابێت دەرمانی تایبەتی پێ دەدەم بەمەبەستی ڕەوینە و چارەسەرکردنی ترسەکەی، دەرمانەکانیش بریتین لە ئاوی گوڵ و ڕازیانە ، کاتێک ئیلتهابی ناو گەدەی نامێنێت و حەزی خواردنی لەلا دروست دەکات، جگە لە منداڵ کەسانی گەورەش دێنە لام بەمەبەستی چارەسەرکردن چونکە ئەوانیش لە ڕووداوی لەناکاو و ناخۆش توشی ترس دەبن". ناوبراو سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژانە سەردانی دەکەن ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە وەرزێک بۆ وەرزێکی دیکەی ژمارەکە جیاوازی هەیە ، لە وەرزی زستان ژمارەی نەخۆشەکان کەم دەبن بەڵام لە وەرزی هاویندا ژمارەیان زیاد دەبێت و ڕۆژانە نزیکەی ٥٠ کەس سەردانی دەکەن، زۆرینەشیان دوای ئەوانەی دەچنە لای چارەسەر دەبن، دەشڵێ" بەشێکیان دواتر پێمی ڕادەگەیەنن کە بەهۆی دەرمانەکانی منەوە کاریگەری نەخۆشییەکەیان



سەید ماجید: ڕۆژانەی بە دەیان کەس سەردانم دەکەن و ئەوانەی تووشی ترس بوونە چارەسەر دەکرێن

دەکەم بەمەش دەردەکەوێت کە ئاخۆ ترساوە یان نا ، ئەگەر ترسابێت دەرمانی تایبەتی پێ دەدەم بەمەبەستی ڕەوینە و چارەسەرکردنی ترسەکەی، دەرمانەکانیش بریتین لە ئاوی گوڵ و ڕازیانە ، کاتێک ئەوەش کرد کە هەندێک کەس لە ماڵەکانیان شێوازی دیکە بەکاردەهێنن بەاڵم هیچیان بەهرەی بۆنبڕییان نییە و ئەو کارەی ئەو ناکەن دەشڵێ: "لە زۆربنەی شارەکانی هەرێمی کوردستان تەنانەت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقیشەوە بۆ چارەسەرکردن سەردانم دەکەن، هەفتەی ڕابردوو نەخۆشێک لە شاری بەسڕاوە هاتبووە لام دیاربوو لەاڵیەن هاوواڵتییە عەرەبەکانی شاری هەولێرەوە ناونیشانی پێدرابوو ، زانیاریم هەیە کە لە واڵتی هیندستانیش بەهەمان شێوە بۆنبڕ هەیە و کەسانێک هەیە هەمان کار و بەهرەیان هەیە".

سەبارەت بە ئەوەی ئاخۆ تاوەکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی وەها ڕوویداوە کە بەهۆی پیشە و بەهرەکەیەوە تووشی کێشە ببێت لەگەڵ پزیشکان بەگشتی و پسپۆرانی نەخۆشییەکانی منداڵان بە تایبەتی سەید ماجید دەڵێ: "تاوەکو هیچ کێشەیەکی وەها ڕووینەداوە بەڵک و پزیشک هەبووە هۆی منداڵەکەی هێناوە یان پزیشک هەبووە نەخۆشی بۆ لای من ناردووە". سەبارەت بە تەمەنی ئەو منداڵانەی کە زیاتر تووشی ترس دەبن ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە سەردەمی باوکی منداڵ لە تەمەنی ٣ مانگ بەرەو سەرەوە تووشی ترس دەبوون بەاڵم ئێستا لە تەمەنی دوو هەفتەیی بەسەرەوە تووشی ترس دەبن. ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە"منداڵی ئێستا لە ساڵانی پێشتر زیرەکترن".

قسەیەکی سەرنجڕاکێش

ئەو بۆنبڕە لە کۆتایی قسەکانیدا ئەوەشی ڕوونکردنەوە کە چەندین حاڵەتی وەها هەبووە کە" منداڵێک ترساوە بەاڵم دایک و باوکی نەیانزانیوە و بردوویانەتە نەخۆشخانە بەاڵم دوای ئەوەی دەرمانی پێدراوە و چارەسەرنەبووە هێناویانەتە لای ئەو و دوای پێدانی ئاوی گوڵ و ڕازیانە چارەسەر بووە". ئەو بۆنبڕە پێیوایە کە بەشێک لە پزیشکەکان بڕوای تەواویان بە بۆنبڕی هەیە و ئەگەر حاڵەتی ترسانی منداڵ بچێتە لایان هەرزوو دەینێرن بۆ لای بۆنبڕ.

لە هەرێمی کوردستان تەنیا منم

سەید ماجیدی بۆنبڕ جەختشیکردەوە جگە لە خۆی تاوەکو ئێستا نەیزانیوە کەسی دیکە لە هەرێمی کوردستان هەبێ و کاری بۆنبڕیی بکات، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە منداڵەکە دەدرێت بە منداڵ بریتییە لەسەر نەماوە".

مەترسی وشکەساڵی لەسەر کشتوکاڵ نەماوە زۆرینەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان ژیاونەتەوە



ئا: سەید محەمەد سەروچاوەیی

دوای ئەو شەپۆلە باران بارینەی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچە سنووریییەکانی بە تایبەتی گرتەوە زۆربەی زۆری سەرچاوە ئاوییەکان ژیانەوەو مەترسی وشکەساڵیش لەسەر کشتوکاڵ بەگشتی و دەغڵودان بەتایبەتی نەماوە.

عەلی ڕەسوڵ بەڕێوەبەری ئاوی ڕاپەڕین لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: ساڵی 2018بەو ساڵە دادەنرێت کە پێش وادەی خۆی پڕەی داوەو زۆربەی زۆری سەرچاوە ئاوییەکان بە تایبەتی لە ناوچە سنووریییەکاندا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ژیانەوە و جارێکی تر ئومێدێکی گەورەیان بە ژیانەوە بەخشیوە.

گوتیشی: جگە لەمەش ئێستا لە ناوچە شاخاویەکان بەفرێکی زۆر باریوە، کە ئەمە هێشتا سەرەتایە و زیاتر لە دوو مانگ ماوە بۆ بەفرو باران وئەمەش بۆ خۆی مژدەیەکی خۆشە بۆ ژیانەوەی ئاوی ژێر زەوی و کانیاوەکان. یەکێک لە جوتیارەکانی ناوچەکە بە ناوی پیرۆت عەبدوڵا دەڵێت : هیچ ساڵێک وەک ئەمساڵ جوتیاران خۆشحاڵ نەبوونە نەک هەر جوتیار، بەڵکو تەواوی خەڵکی ناوچەکە هەموو کەسیش دەزانێت تا زستان سەختتر و بە بارانتربێت، ئەوا بەهار خۆشتر و پڕ ئاو تڕە .

ئەو جووتیارە دەشڵێت: بۆیە ئەمساڵ ساڵێکی خۆشە لەبەر ئەوەی زوو پەڵەی داو جووتیاران زوو تۆوەکانیان داچاند، سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا زۆربەی سەرچاوە ئاویەکان لە ژیانەوە و ئەمەش بۆ خۆی مژدەیەکی خۆشە.

www.xebat.net
چوار شەممە 2018/12/5 ژمارە (5647)

ڕێکخراوی کچانی مانی

خزمەتێک بە تووێژی ئافرەتان و منداڵان



خەبات/ تریفە ئازاد

ڕێکخراوی کچانی مانی ڕێکخراوێکی مرۆییە تایبەتە بە خزمەتکردنی ئافرەتان و منداڵان و ئێستا لە سەرەتای کارکردنیان دان و لە گروپێکی خۆبەخش پێک هاتوون. لە دیمانەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات سنور دەوەنی سەرۆکی ڕێکخراوی مانی باس لە چۆنیەتی دروستبوونی ڕێکخراوەکە و خزمەتکردنیان لە ڕێکخراوەکە دەکات.

بۆچی ڕێکخراوی مانی؟

ڕێکخراوی کچانی مانی بۆ کاری خۆبەخشی ڕێکخراوێکی ناحکومییە کە ئەندامانی ڕێکخراو تەنیا لە ڕەگەزی مێ پێکدێت. هەڵبژاردنی ناوی مانی بۆ وشەی (مانەوە یان دەمێنین) دەگەڕێتەوە کە ئێمە هەڵساوین بە داتاشینی ئەو دوو وشەیە هەرچەندە زۆر مانا و لێکدانەوەی تر بۆ ناوی مانی هەیە وەک ئەوەی مانی ئایین و ئیمپراتۆرییەتێکی سەربەخۆ بووە، نەقاش و ڕەسامێک بووە، نالی لە هۆنراوەیەکیدا لە کاتی ناوهێنانیدا وەسفی دەکا بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو وشەی (مانەوە ,دەمێنین) بوو بە واتای کچان هەمیشە هەن و دەبن و بە نەمری دەمێننەوە .

سەرەتای دروستبوونی

سەرەتای دروستبوونی کچانی مانی بۆ ماوەیەک بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، دەتوانین بڵێین دروستبوونی هەر ڕێکخراو و گروپێک لە بوونی بۆشایی و پێویستیەکی سەردەمیانە دروست دەبێ لە ئێستادا کاری خۆبەخشی بە شێوەیەکی زۆر و باش ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام ئەوەیکە تایبەت بێت بە خزمەتکردن و گرنگیدان بە تواناکانی کچان و دەرخستنی تواناکانیان بوونی نەبووە، بۆیە هەڵساین بە دروستکردنی کچانی مانی سەرەتای بیرۆکەکەش بۆ چوار هاوڕێ دەگەڕێتەوە کە ویستمان بە شێوەی گرووپ خزمەتی کۆمەڵگە و کچان و ئافرەتان و منداڵان بکەین لە ڕێگەی سیمینار و وۆرک شۆپ و چالاکییە مەیدانییەکان،

بۆیە سەرەتا لە ئەکاونتی فەیسبووکی خۆمان بانگەشەمان بۆ کرد و ڕامانگەیاند دەمانەوێ گروپێکی خۆبەخشی کچانە دابنێین، ئەوی جێگەی تێڕامان بوو هەرگیز بیرمان لەوە نەکردبۆوە کچانی شارەکەمان بەو شێوە زۆرە حەز و ویستی کاری خۆبەخشیان هەبێ، بۆیە تەنیا لە ماوەی دوو هەفتە زیاتر لە پەنجا کچ بەدەم ڕاگەیەندراوەکەمان هاتن و یەکەم کۆبوونەوەی خۆمان لە سەرەتای مانگی 9ئەنجامدا بە بێ بوونی بارەگا و شوێنێکی تایبەت بە کچانی مانی. هەموومان دەزانین ئیش بە شێوەی گرووپ و ئەو ڕێژە زۆرەی کچان لە ناو گرووپ و زیادبوونی بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو قورسە بۆیە پێمان باش بوو بە شێوەیەکی فەرمی ببین بە بەشێک لە فەرمانگەی ڕێکخراو ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان .

بە یاسایی کردنی ڕێکخراوەکە

بڕیارماندا بە یاسایی کارەکانمان بکەین و خزمەتی تیۆرەکانی کۆمەڵگە بکەین لە سەرتای مانگی 10بە پشتیوانی خودا و دڵسۆزان ئیمە بووین بە بەشێک لە فەرمانگەی ڕێکخراو ناحکومییەکان. دەستەی دامەزرێنەران لە چوار کچی خۆبەخشی چالاک پێکدێت (سنوور ڕەسول) وەک بەرپرسی ڕێکخراو دیاریکرا هەروەها (ساریژ سەردار و بوشرا عبدالله و شەنگە پەشۆ) وەک دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراو دەستبەکاربوون بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی بتوانین خزمەت بکەین. لە کۆتایدا لە گرووپەوە بووین بە ڕێکخراو خزمەتگوزاریەکانمان هەمیشە بیرەڕامبەر و خۆبەخشیە هەوڵماندا لە ڕێگەی پەیداکردنی سپۆنسەر یارمەتی بگەینینە هەموو شوێنێک و قوتابخانە کە لە (تێنوس و پێنوس و ڕەشکەڕەوە و دادەر و ڕاستە) پێکهاتبوو بۆ قوتابیانی قوتابخانەی یەکی شوبات کە قوتابخانەیەکە مەنزلگەی خانەواده سەربەرزەکانی شەهیدانی لێیە هەروەها بە هۆی ئەو ڕووداوە یەک لە دوایی یەکانەی لە شارەکەمان ڕووەدا هەڵمەتێکی یەک هەفتەیمان ڕاگەیاند بۆ بڵاوکردنەوەی ژمارە پێویستییەکانی وەک پۆلیس و ئاسایش و ئاگرکوژێنەوە و ...هتد سەرەتای هەڵمەتەکەش لە ناو بازاڕی هەولێر و قەڵاتەوە دەستمانپێکرد، هەڵبژاردنی قەڵاتیش بۆ ئەوە بوو کە هیچ کات نەمانوبستووە بە هۆی ڕووداوی نەخوازراو یەکێک لە شوینە میژوویی و دیارەکانی شاری هەولێر لە ناو بچێ یاخود بڵێین بە شێوەیەکی ناشرین نیشانبدرێ. سەرەتا ئەوانەی دەبوونە ئەندام لە ڕێگەی هاوڕێیەتیەوە بوو واتە هەر ئەندامێک چەند هاوڕێیەکی دەهاتە ناو ڕێکخراو بەڵام دوایی فۆرمێکمان لە پەیجەکانمان دابەزاند کە دەتوانرا بە شێوەی ڕاستەوخۆ ببیە ئەندام و ڕێژەیەکی زۆری کچ پڕبانکردەوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئێمە دەمانەوێ کار لە سەر هەموو چینەکانی ئافرەت بکەین یاساییانەشی کە پێویستی بە دادگا هەیە پارێزەرەکەمان بێ بەرامبەر هاوکاری دەبێ چونکە کچانی مانی هەموی دەرچووی کۆلیژ و پەیمانگاکان و دەتوانن خزمەتی زۆر بکەن تەنانەت وەک و تەندروستیش پزیشکی خۆبەخشیمان لەگەڵە کە هاوکاری ئەو ئافرەتانە دەکەن کە پێویستیانە.

چەند لقتان هەیە؟

لە ئێستادا چونکە لە سەرەتای کارین تەنیا لە شاری هەولێر لقمان هەیە بەڵام لە داهاتوودا هەوڵی تەواو دەدەین لە شار و شارۆچکەکانی تریش لق بکەینەوە، چونکە زۆر کێ ڕۆژانە لە سلێمانی و دهۆک و سۆران و هەڵەبجە ...هتد پەیوەندیمان پێوەدەکەن و دەڵێن دەمانەوێ ببین بە بەشێک لە کچانی مانی. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بتوانین بە هەموومان کۆمەڵگایەکی تەندروست و باش و خزمەتگوزار دروستبکەین و ڕوحیەتی دڵسۆزی لە کار بڵاوبکەینەوە. لە کۆتایدا دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە هەمیشە خەمخۆرانە لە پشتمانن و بە وشەیەکیش بێت پاڵپشتی کچانی مانی دەکەن بەڵێن دەدەین لە ئاست متمانەی ئێوە بین.

"پێویستمان بە پاڵەپەستۆی ژنانە"



نەسرین حەسەن

25نوامبەر بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان ناسراوە و وەکوو نەریتێکی ساڵانە لە هەڵمەتێکی 16ڕۆژەدا پلان و بەرنامەی جیاواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئەو دیاردەیە ئەنجام دەدرێت و میکانیزمی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر بەو دیاردەیە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، کە ئامانج هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە لە جیهاندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە بە پێی ئەو ئامارانەی کە ساڵانە بڵاودەکرێتەوە ڕێژەی تووندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لە هەڵکشاندایە.!

بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستا ن 37ئافرەت کوژراون، 54 ئافرەتی تر خۆیان کوشتووە، 90ئافرەت خۆیان سوتاندووە، 87ئافرەتیش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، کە لەوانەیە لە پاڵ ئەو ڕێژەیە تۆمارکراوەدا چەندین حاڵەتی تووندوتیژی دیکەش هەبن کە تۆمار نەکراون کە لە ڕاستیدا ئەمە جێگەی نیگەرانییە و دەبێ هەڵوەستەی لە سەر بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین یاسای گرنگی دەرکردووە و لە بەرژەوندی ئافرەتان هەموارکرانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتییەکی بەهێزی حکومەتیش لە ئارادایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و چالاکوانانیش بە هەموو توانایەک هەوڵی خۆیان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی تووندوتیژی خستۆتە گەڕ، کەواتا کێشەی سەرەکی لە کوێیە ؟

بەڕێز "نیچیرڤان بارزانی" .سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی بانگەشەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە تووندوتیژیدا لە 25نوامبەر تیشکی خستە سەر چەند خاڵێکی زۆر گرنگ و پێویست کە گوزارشت لە هاوکاری و پاڵپشتییەکی بەهێزی بەڕێزیان بوو لە گرنگیدان بە پرسی ئافرەت و بنبڕکردنی دیاردەی تووندوتیژی و چەند داواکاریشی لە ئێمەی ئافرەت هەبوو بۆ هاوکاریکردنی حکومەت. لێردا دەمەوێت ئاماژە بە دوو خاڵ لە داواکارییە بکەم :

1- ئێمە پێویستیمان بە پاڵەپەستۆی ژنان هەیە"

- باربارا دی ئەنجلیس" نووسەری ناوداری ئەمەریکی لە کتێبە "نهێنی سەرکەوتنی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا دەڵێ: سەرنەکەوتنی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناتوانن بە یەکەوە لە یەک گرووپدا کار بکەن، لە بەر ئەوەی هەر لە منداڵییەوە ڕانەهاتوون بە گرووپ یان تیم کار بکەن ، بە پێچەوانەی پیاوان کە هەموو کات ئەو هەستە هاوبەشییە بە یەکەوە کارکردنە هەر لە منداڵییە لە ناخیاندا دروست دەبێت."کەواتا لێردا ئێمەی ئافرەتان پێویستیمان بە هەماهەنگی و بە یەکەوە کارکردنی زیاتر هەیە بۆ بەهێزبوونی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە بەرێز سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێکرد.

2- با کچان و ژنان و ئافرەتان لە ڕاگەیاندنا دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە و لە ئاست هەر چەوسانەوەیەک و دیاردەیەکی دواکەتوو جموجۆڵ پێشان بدەن " .

لێردا دەمەوێت ئاماژە بە چەند هۆکار بکەم کە پاڵنەری سەرکییە بۆ ئەوەی ئافرەت چاوپۆشی لەو تووندوتیژیانە بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە :

- تاوەکو ئێستاش بەشێک لە ئافرەتان پێیانوایە مالەکەی خۆیان باشترین شوێنە بۆ حەوانەوەیان.

- نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیانی خۆی و منداڵەکانی.

- نەبوونی پاڵپشتییەکی بەهێزی خێزانی(باوک و دایک و برا) و تەنانەت بە نامۆ سەیرکردنی ئافرەتی تەلاقدراوە لە کۆمەڵگە.

- نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئافرەت لە تێگەیشتنی بەرامبەر ماف و ئەرکەکانی خۆی، کە پێیوایە لە پیاو کەمترە و پێویستە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

لە کوردەواریدا دەڵێن" ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبات" و بنبڕکردنی دیاردەی تووندوتیژی کات و پشوویەکی درێژی پێویستە ، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە "چەپڵە بە دەستێک لێنادرێت" و پێویستە لە سەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە بێ جیاوازی ڕەگەزی ڕووبەڕووی ئەو دیاردەیە ببینەوە، چونکە تووندوتیژی ڕەگەزی نییە.

تووندوتیژی مێژوویەکی کۆنی هەیە



لە سەدەکانی ناوڕاست لە بەشێکی زۆر لە بەریتانیا و سکۆتلەندا بەکارهێنانی ئامێرەکی ئاسنین بۆ تەمێکردنی ئافرەتانی بە بۆڵە و دەمەهەراش بە وتەی خۆیان بەکارهاتووە. ئەو ئامێرە ئاسنینە لە دموچاو دەبەسترا و زیادەیەکی وەک زمانی هەبوو کە دەخرایە نێو دەمی ئافرەتەکە تا نەتوانێت ئیتر قسە بکات. سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست یەکێک لە قۆناغەکانی زۆرداری مێژووی مرۆڤایەتییە، لەو سەردەمەدا بە جۆرەها ئامێر و کەل و پەلی داهێنەرانە کەسانی تاوانباریان ئەشکەنجە ئەدا. بەداخەوە لەو سەردەمە ئەو ئافرەتانەی بەرامبەر شتەکان کاردانەوەیان هەبوایە و قسە و پرتە و بۆڵەیان لەسەر مێردیان کردبا وەک تاوانبار سەیردەکران و بەو ئامیرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەشکەنجە دەدران.

بنبڕکردنی تووندوتیژی هاوهەنگاوی هەمەلایەنەی پێویستە

زهور ئەحمەدخان

بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان، وەک ئافرەتێک قسەی خۆم هەیە، سەرەتا دەڵێم بونی ئادەمیزاد لە ڕەگەزی نێر و مێ، لە گشت کایەکانی ژیاندا تەواوکەری یەکترین، ڕاستە هەندێ خاڵ هەن جیاوازی دەخاتە نێوانیان، بەڵام لەسەر ڕاستیدا نە پیاو دەتوانێت بێ ئافرەت، نە ئافرەت دەتوانێت بە بێ پیاو ئاسودەیی بدۆزێتەوە. لە ئایین و کلتووری ئێمە ڕێز لە ئافرەت نراوە بەڵام هەندێجار بەداخەوە لە خێزانەکان، بە هۆکاری شەرەف و ناموس بەبێ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە ئافرەتەکانیان دەکوژن کە ئەگەر لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکەین هەموویان بێ هۆ گیانیان لێسەندراوە. پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و یاسایی بدەنە ئافرەتان. لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ئافرەتان، زۆر داتا و ئاماری مەترسیدار خرانەڕوو، زۆر قسە لەسەر دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و ئاست نزمی ڕۆشنبیری ئافرەتان کرا، کەبووەتە هۆکاری ئەوەی تووندووتیژیان بەرامبەر بکرێت و قبوڵیشی بکەن، وێڕای خستنەڕووی ئەو ئامار و داتایانە پێویستە پێشنیاری گونجاندنی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی لە پڕۆگرامەکانی خوێندن بکرێت تا قوتابیانمان هەر لە منداڵییەوە بەرچاوڕوونیان هەبێت لەسەر پەروەردەی تەندروست و مافاکانی ئافرەتان. لەکۆتایدا داواکارم حکومەت و چەند ڕێکخراوێکی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی چالاک، بە بەرنامە و پلانی درێژخایەن و وەرگرتنی شارەزایی کەسانی بەئەزموون بەو ئەرکە هەڵسن بەو هیوایەی لە ساڵانی داهاتوو ئامارەکان دڵخۆشکەرتر بن و تووندوتیژی بەردەوام لە داکشاندا بێت.





کۆستا

ئەمرۆ نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت

یاریزانی ئیسپانی دێیگۆ کۆستا هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەردیدی ئیسپانی نەشتەرگەری لە پەنجەی پێی بۆ ئەنجام دەدرێت، مالپەڕی ئال لارگوێرۆ دەڵێت دێیگۆ کۆستا دوێنێ گەیشتی بۆ بەرازیل ئەنجام دا تاکو ئەمرۆ نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت، یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید ئارەزوو دەکات کە کۆستا بۆ یاری ریال مەدرید لەیاری دێربی پایتەخت کە لەشوباتی داهاتوو ئەنجام دەدرێت ئامادە بێت، کۆستا هەرشەی دوورکەوتنەوەی بۆ 7یاری لەخولی ئیسپانیاو 4یاری لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ئەگەر بگاتە قۆناغی 16و 8 لەسەرە.

هازارد:

مەحاڵە لە میرکاتۆی زستانەدا چێلسی جێبهێڵم

ئەستێرەی بەلجیکی ئیدین هازارد، یاریزانی یانەی چێلسی ئینگلیزیی، ڕەتیکردەوە، لە ماوەی گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا، ڕوو بکاتە یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانییەوە. هازارد لە میانی لێدوانی بۆکەنالی (کەنال پلەس)ی فەرەنسیی وتی:"ئێستا من لە چێلسیم، مەحاڵە لە کانونی دووەمی داهاتوودا لە ریزەکانی یانەکە بڕۆم". وتیشی:"ڕەنگە لە هاویندا هەموو شتێک ڕوو بدات، هێشتا ساڵێک لە گرێبەستەکەم لەگەڵ چێلسی ماوە، ئەگەر گرێبەستەکەم تازە نەکەمەوە، هەموو ئەگەرێک لە ئارادا دەبێت، لەوانەشە تاکو کۆتایی هەر لە ریزەکانی چێلسی بمێنمەوە". هەرەها وتی:"ئەگەر بگەڕێمەوە خولی فەرەنسا، لەگەڵ یانەی لیل یاری دەکەم، لە کۆتایی مۆندیالیش من هاندەری هەڵبژاردەی فەرەنسا بووم لەبەرامبەر کرواتیا". شیاوی باسکردنە، هازارد پێشتر ڕایگەیاندبوو، هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوە دەبینی، ڕۆژێک لە ڕۆژان دڕێسی ڕیال مەدرید بپۆشێت.

ڕەمزی میرکانی

ڤان دیک

بووە یاریزانی مانگ لە پریمەرلیگ

ڤێرگیل ڤان دیک بەرگریکاری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی خەڵاتی باشترین یاریزانی مانگی ڕابردووی لەلایەن یەکگرتووی یاریزانە پێشەگەرانی خولی ئینگلیزی پێدرا، بەرگریکاری لیڤەرپوول توانی پێش هەریەک لەیاریزانان هاری کین و ئارۆن مۆی و لیرۆی سانی و ڕەحیم سترلینگ و داڤید سێلڤاو بکەوێت و خەڵاتی باشترین یاریزانی مانگ لەخولی ئینگلیزی لەمانگی تشرینی دووەم بەدەست بێنێت. بەرگریکاری یانە سوورەکەی ئینگلیزی ئاستێکی بەرزی لەم ماوەیە پێشکەش کردو تیایدا بەشداری 5یاری کرد، تیایدا تۆڕی تیپەکەی بەخاوێنی پاراست لەسەرکەوتنەکانی لیڤەرپوول بەرامبەر فولهام و واتفۆرد.

ژمارەکان گاریس بێڵ لە ڕۆیشتن لە ریال مەدرید نزیک دەکەنەوە

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ئیسپانی بڵاویانکردەوە کە چەندین هۆکار هەن کە یاریزانی نێودەوڵەتی وێڵزی گاریس بێڵ لەجێهێشتنی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی نزیک دەکەنەوە، ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ دەڵێت ریال مەدرید دەستبەرداری بێل دەبێت بەهۆی پێکانە یەک لەدوای یەکەکانی، لەگەڵ ئەوەی نەیتوانی ببێتە جێگرەوەی کریستیانۆ ڕۆنالدۆ لەدوای ڕۆیشتنی بۆ یانەی یۆڤنتۆس. ڕۆژنامەکە دەڵێت: بێڵ ژمارەیەکی پێوانەیی نەرێنی تۆمارکرد، کەدەبێتە هۆی ئەوەی ریال دەستبەرداری بێ، کە تاکو ئێستا بەشداری نیوەی یارییەکانی ریال مەدریدی کردووە لەدوای هاتنی بۆ یانەی شاهانە. بێڵ لەکۆی 207یاری بەتەواوەتی لەخولەکی یەکەم تا کۆتایی بەشداری 107یاری کردووە، لە 71جاریش چۆتە دەرەوە 29جاریش وەکو یەدەگ، لەکۆتاییدا ڕۆژنامەکە دەڵێت: بێڵ 21جار تووشی پێکان بووە لەریال مەدرید، لەماوەی 726خولەکی ئەم وەرزەدا نەیتوانیوە گۆڵ تۆمار بکات، واتا نزیکەی 12کاتژمێر، لە 10یاری ڕابردوودا لەسەر یەک نەیتوانیوە لەتۆڕی ڕکابەرانی نزیک بێتەوە.

ساوسگێت لێدوانێکی لەسەر یارییە ئاگرینەکەی هۆڵەندا دا

گاریس ساوسگێت بەڕێوەبەری هونەری هەڵبژاردەی وێڵز باسی ئەنجامی تیروپشکی قۆناغی پێش کۆتایی ژمارەی یەکەمی خولی نەتەوەکانی ئەورووپای کرد، ڕاهێنەری ئینگلیزی دەڵێت: زۆر خۆشە هاوینێکت لەپێشە دەتوانی هەندێک یاری گرنگ ئەنجامی بدەیت کە جێگای گرنگی هانەدەرانمان دەبێت، هەروەها دەڵێت: هەڵبژاردەی ئینگلیزی بەباشی بەڕەو پێش دەچێت، ئاماژەی بەوەکرد کە لەگەڵ ئەوەی زەحمەتی زۆریان لەسەر ئاستی یاریزانان هەبوو، بەڵام متمانەی زۆری پێنە کە بتوانن باشترین پێشکەش بکەن، هۆڵەندا و سویسرا و پورتوگال و ئینگلتەرا پێشەنگی پۆلینی ئاستی یەکەم و قۆناغی گرووپەکانی خولی نەتەوەکانی ئەورووپای گرت و گەیشتنە قۆناغی پێش کۆتایی، هەڵبژاردەی پورتوگال هەلی میواندارێکردنی قۆناغەکانی کۆتایی پێدرا، کە لە 5ی حوزەیرانی داهاتوو بەرامبەر سویسرا یاری دەکات، لەیاری دیکەی پێش کۆتاییدا هەڵبژاردەی هۆڵەندا لە 6ی حوزەیران ڕووبەڕوی ئینگلتەرا دەبێتەوە.

یارییەکەی ئەمشەوی ئارسنالّ دوایین هەلی مۆرینهۆیە لە مان یونایتد

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی مەزندەی ئەوە دەکات وادەی رۆیشتنی مۆرینهۆی راهێنەری مان یونایتد لە پۆستەکەی نزیک بووبێتەوەو ببێتە قوربانییەکی دیکەی خولی ئینگلیزی لەدوای ئەوەی یانەی ساوسهامپتۆن لە دوو شەمەی رابردوو راهێنەرەکەی (مارک هیوز)ی دوورخستەوە، دوورخستنەوەی هیوز لەدوای یەکسانی بوونی هات بەرامبەر ئەهریمەنە سوورەکان لە شەمەی رابردوو بەدووگۆل، لەدوای ئەوەی یانەی ساوسهامپتۆن بە2گۆلّی خاوێن لەگێمی یەکەم لەپێش بوو، بەر لەوەی لەگێمی دووەم مان یونایتد لەرێگای لۆکاکۆ و هیرێرا بگەڕێتەوە. مۆرینهۆ دەبێتە قوربانییەکی دیکەی راهێنەران لەخولی ئینگلیزی ئەگەر نەتوانێت لەیارییەکەی ئەمشەو تیپەکەی لەشکست لەسەر یاریگای ئۆلّد ترافۆلّد بەرامبەر ئارسنالّ بپارێزێت. یانەی ئارسنالّ ئێستا لە پلەی حەوتەمی خولی پریمەرلیگ دایە بەکۆکردنەوەی 22خالّ و بەجیاوازی 8خالّ لەگەلّ یانەی ئارسنالّی خاوەن پلەی چوارەم، ئەگەر ئارسنالّ بتوانێت لەم یارییەدا 3خالّ بەدەست بێنێت، ئەوا جیاوازی خالّەکانیان دەبێتە 11خالّ و هەلی سەرکەوتنیان بۆ گەیشتن بە خولی یانە پالّەوانەکانی وەرزی داهاتوو زەحمەت دەبێت. مۆرینهۆ لەماوەی رابردوو بەهۆی شێوازی بەرگری تیپەکەی رەخنەی زۆری ئاراستەکراوە، کەبەهۆیەوە تیپەکەی ئەنجامی نەرێنی بەدەستهێناوە، چ لەخولی یانە پالّەوانەکان یاخود ناوخۆ، کە جێگای رەزامەندی هاندەرانی نەبووە، کە پێشتر لەسەر ئەوە راهاتبوون تیپەکەیان بەردەوام رکابەرێکی بەهێزی نازناوەکان بووە.



ئەسینسیۆ: دەمەوێت ببمە ئەفسانەی ریال مەدرید

مارکۆ ئەسینسیۆ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا، ژمارەی ئەو دریسەی ئاشکرا کرد، کە دەیەوێت لە یانەی شاهانەدا بیپۆشێت، ئەو ئێستا دریسی ژمارە 20دەپۆشێت لە یانەکەدا. ناوبراو لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی، لە وەڵامی پرسیاری ئایا دەیەوێت وەکو کریستیانۆ رۆنالّدۆ ببێتە ئەفسانەی تیپەکە وتی:"بۆ نا؟ بەدڵنیاییەوە ئەوەم دەوێت، لەگەڵ بەردوامی سەرکەوتن لە ریال مەدرید، دەموێت یاریزانێکی گرنگ بم و هەرگیز ئەوەم نەشاردووەتەوە". هەروەها وتی:"هەر لە منداڵییەوە، حەزم دەکرد یاری بۆ ریال مەدرید بکەم، دوای ئەوەی دەرفەتەکەشم بۆ رەخسا، دەمەوێت بە باشترین شێوە بیقۆزمەوە". مارکۆ لە وەڵامی ئەوەی دەیەوێت چ ژمارەیەک لە تیپەکە بپۆشێت وتی:"درۆ ناکەم، دەمەوێت دریسی ژمارە 10بپۆشم، بەڵام ئێستا لەلای لۆکا مۆدریچە، کە هێشتا چەند ساڵێکی لە ریال مەدرید لە پێشە، لە ئایندەدا دەمەوێت ئەو ژمارەیە بپۆشم". ئەسینسیۆ لە بارەی دەنگۆکانی هاتنی ئیدین هازارد بۆ ریال مەدرید وتی:"تەنیا قسەیە، دەبێت بزانین چ یاریزانێک دێت، بەڵام ئێستا هەموو شتێک تەنیا قەسەیە و بەس".

ڕەمزی میرەکانی



ئۆبامیانگ
مان یونایتد ئاگادار دەکاتەوە

یاریزانی گابۆنی پیێر ئیمریک ئۆبامیانگ هێرشبەری یانەی ئارسنالّ مان یونایتدی ئاگادار کردەوە بەر لەیاری ئەمشەویان لەچوارچێوەی خولی ئینگلیزی. یانەی مان یونایتد ئەمشەو لەسەر یاریگای ئۆلّد ترافۆلّد لەمیانی گەڕی 15ی پریمەرلیگ میواندارای یانەی ئارسنالّ دەکات، لەمبارەیەوە ئۆبامیانگ لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی (میرۆر) گوتی: مەزندە دەکەم نەگەیشتوومە ئاستی ڕاستەقینەی 100%تاکو ئێستا، باشتر لەڕۆژانی داهاتوو بەڕێوەبە، هەست دەکەم لەسەر یاریگا باش، بەتایبەتی لەیاری تۆتهام کە بە 2-4گۆڵ لەبەرژەوەندی تۆپچییەکان بوو. من دڵخۆشم بەوەی لەباشترین ئاست دام تاکو ئێستا، دەزانین سەرکەوتنمان بەسەر تۆتنهام ئێمەی گەیاندە پلەی چوارەمی ریزبەندی پریمەرلیگ، کارەکان زەحمەت بوون، یاری دێربی لەبەرژەوەندی ئێمەبوو ئەمە زۆر گرنگ بوو، ئێمە پێویستیمان بە سەرکەوتنی بەردەوام هەیە، بۆ بەدەستهێنانی متمانە، پێویستە لەسەرمان لە ئۆڵد ترافۆلد سەرکەوتن تۆمار بکەین. ئارسنالّ پلەی چوارەمی ریزبەندی پریمەرلیگی بە 30خاڵ مسۆگەر کرد، بەڵام مان یونایتد بە 22خاڵ لە پلەی حەوتەم دایە.




یاریەکانی ئەمشەو

خولی ئینگلیزی:
کاتژمێر 10:45ی شەو
ئیڤرتۆن*نیوکاسڵ
فولهام*لیستەر سیتی
وۆلڤەرهامپتۆن*چێلّسی
بێرنلی*لیڤرپوول
کاتژمێر 11ی شەو
تۆتنهام*ساوسهامپتۆن
مان یونایتد*ئارسنالّ

ڕابیۆ ڕاپەڕینی لە پاریس سان جێرمان ڕاگەیاند

ڕاپۆرتە هەواڵەکانی فەرەنسا ئاشکرایان کرد کە ئەدریان ڕابیۆ ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی ڕاپەڕینی لەیانەی پاریسی ڕاگەیاندووە، بۆ ئەوەی فشاری بخاتە سەر ڕێگەی پێ بدەن یاریگای باخچەی شازادەکان جێبهێڵێت، پاریس یونایتد دەڵێت یاریزانی تەمەن 23ساڵ بەشداری مەشقەکانی تیپەکەی بەر لەیاری بۆردۆ نەکرد لەخولی فەرەنسا، پاشان لەپێکهاتەی سەرەکی تیپەکەی بۆ ئەم یاریە دوورخرایەوە، هەروەها هەمان سەرچاوە دەڵێت تۆماس تۆخێڵ بەڕێوەبەری هونەری یانەی پاریسی لەهەفتەی ڕابردوو لەگەڵ ناوبراو کۆبۆوەو لەدوای کۆبوونەوەکە بەتوڕەیی هاتە دەرەوە، پێدەچێت ڕەوشی جیابوونەوەی نێوان یاریزانی ناوبراوو هاندەرانی یانەکە گەیشتبێتە لوتکە، دوای ئەوەی ڕابیۆ لەکاتی دابەزینی بۆ ناو یاریگا بەیەدەگ لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر لیڤەرپوول لەخولی یانە پالّەوانەکان هاندەران فیکەی ناڕەزایان بۆ لێدا، بۆندی ڕابیۆ لەهاوینی 2019لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان کۆتایی دێت، ئەو دەیەوێت بچێتە یانەی بەرشلۆنە بەموچەی ساڵانە 10ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ خەڵاتی نازناوەکان. ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی دەڵێت گرێبان وابوو کە کۆبوونەوەی نێوان ڕابیۆو ئیدارەی یانەی پاریسی لەکۆتایی هەفتەی ڕابردوو بێت، بەڵام ناوبراو پێی گوتبوون نایەوێت بۆندیان بۆ تازە بکاتەوەو بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەمبارەیەوە داوە.



لەقۆناغی 16ی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا تەکنەلۆژیای ڤار بەکار دەهێنرێت

لیژنەی جێبەجێکاری یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ڕایگەیاند کە لە پالّەوانێتی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپای ئەم وەرزە تەکنەلۆژیای ناوبژیوانی ڤار بۆ یارمەتیدانی ناوبژیوانان لەقۆناغی یەکلاکەرەوە بەکار دەهێنرێت. مالّپەڕی فوتبۆڵی ئیسپانیا بڵاویکردەوە کە یویفا بڕیاری داوە لە قۆناغی 16ی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا کە لەسەرەتای مانگی شوبات دەست بەرکابەرییەکانی دەکرێت پشت بە تەکنەلۆژیای ناوبژیوانی ڤیدیۆیی (ڤار) ببەسترێت. ئەلیکساندەر سێرڤین سەرۆکی یەکێتی ئەوروپی بۆ تۆپی پێ ئاماژەی بەوەکرد کە تەکنەلۆژیای ناوبژیوانی ڤیدیۆیی یارمەتی لە خولەکانی ئەوروپا لەسەرەتای وەرزی 2019-2020بەکار دەهێندرێت، بەڵام بەهۆی فشاری یانەکان وایکرد وادەکەی پێش بخرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed, 5. Dec. 2018 No: (5647)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ڕەشانگ



دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

چیدی قسەی قەڵەو مەکەن

بەڵای گەورەی کوردستان حزبایەتیی تەسکبینە، چونکە ئەو جۆرە حزبایەتییە، جگە لە ماندووکردنی خەڵک، هیچی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێت، ئەو حزبایەتییە زیاتر حەزی لە قسەکردنە، هەموو قسەکردنەکەش بریتییە لە بانگەشەی تاوانبارکردنی بەرامبەر و هەڵاتن لە بەرپرسیاریەتی، خۆنمایشکردن وەک ئەوەی لە خەمی خەڵکە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە خەڵک وەک کەرەستەی ململانێ بەکاردێنن، ئەو حزبایەتییە ئاگای لەخۆی نییە کە قسە دەکات، کاتێک بەناوی گەندەڵی دروشمی نارەزایی و پشتکردنە حکوومەت بەرز دەکاتەوە، زۆری پێ ناچێ بۆ بەشداری لە حکوومەت لیکاو لە دەمی دێتە خوار.

قۆناغی دادێ باشترین دەرفەتە بۆ وازهێنان لە قسەی قەڵەو، کاتی قۆڵهەڵماڵینە بۆ مەیدانی کار و کردەوە، لەبەرچی ئەم قۆناغە جیاواز لە قۆناغەکانی پێشوو پێویستی بە کارە؟

1-ناکۆکیی حزبی و قسەی قەڵەو تەنیا بووە هۆی ئەوەی، زەمینە بۆ دڕێژەدان بە ناکۆکی خۆش بکرێت، حکوومەت کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەی حزبەکان خوڵقاندیان.

2- حزبەکان نەریتێکیان داهێنا کە بێ وێنە بوو، بریتی بوو لە نەریتی (بەشدار دەبم و لێی بەرپرسیار نیم) ئەم نەریتە دوای خۆ بەدڵسۆززانین و بەرامبەریش بە خراپ دروست بوو، لە کابینەی هەشتەمدا گەیشتە ئەوپەڕی، لە کاتێکدا دروستبوونی کابینەکە داوای هەموو حزبەکان بوو، بێتە حکوومەتێکی بنکە فراوان، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی ئەزموونێکی بێ کەڵک بوو.

3- دابینەمۆی هەموو ئەو جوواڵەیە بە ناوی نارەزایەتی و چاکسازی، ئەو ڕق و کینەیەیە کە چەندین ساڵە هێز بە دووبەرەکی دەداتەوە، بەڵام ئامانجەکەی کە بریتییە لە سڕینەوەی حزبی بەرامبەر نەهاتەدی، تەنانەت خۆ هاویشتنە بەرەی پیلانی ئیقلیمیش هیچی لێ سەوز نەبوو.

4- خۆدزینەوە لە چارەسەر و بەرەودان بە دووبەرەکی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ی لێ هاتەدی، مەبەستی ئەو جوواڵەیەش دژی پارتی بوو لەڕێی داگیرکردن و نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێشمەرگە بەخوێنی خۆی هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە.

5- پیلانە ئیقلیمی و ناوخۆییەکە چاوەڕێی کۆتاییهاتنی پارتی کرد، کەچی بە شەڕ و داگیرکاری نەهاتەدی، دواتر چاوەڕێ بوون بە هەڵبژاردن بەو ئاواتە بگەن، ئەویش نەک نەهاتەدی، بەڵکو پارتی لە هەڵبژاردنی 12ی ئایاری پەرلەمانی عێراق لە ئاستی عێراق و کوردستان حزبی یەکەم دەرچوو، لە هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولیش یەکەم بوو 45 کورسیی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست هێنا.

بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بەڕاستی هاوکاری پارتی بن لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمدا، با ئەم قۆناغە ببێتە قۆناغێکی نوێ، چونکە هەموو ئامرازەکان بۆ دژایەتیی پارتی تاقیکرانەوە، بەڵام هەر سوودی نەبوو، ئەرکی پارتیش قورستر دەبێت، پێویستە هەموو ئەوانەی پارتی بۆ پۆست و پلە جیاجیاکانی حکوومەت کاندیدیان دەکات، لە دڵسۆزی و خزمەتدا پێشەنگ بن، چونکە پارتی شانی دایەبەر نەهامەتی و ناخۆشییەکان، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم قۆناغەدا بکرێ لێپێچینەوەیە، یەکەم جار لە پارتییەکان دواتر حزبەکانی دیکەی بەشدار، ئیدی کاتی کردەوەیە و قسە هەزارە و دووانی بەکارە.



کەویار هەورامی.. لەنیوە شەودا دەیەوێت چی بڵێت؟

توانا زرار

کەویار ، ئەو کچە بەهرەمەندە بوو بۆ یەکەمجار لەبەرنامەیەکی پشبڕکێ بەشداربوو، دواتر بەهۆی دەنگخۆشی و شارەزایی باشی لەچڕینی گۆرانیدا بەردەوامی بە بواری گۆرانی گوتندا.

کەویار، دوای ئەو زەرنامەیە بەشداری لەچەندچالاکییەکی هونەری کرد.لەم چەند ڕۆژەی ڕابردووش یەکەم ئیدیۆ کلیپی خۆی بڵاوکردەوە بەناوی نیوە شەو.

تێکستی ئەم گۆرانییە یەکێکە لە شیعرەکانی دیوانی لەغوربەتا، کە خاوەنەکەی شاعیر محەمەد عومەر عوسمانە، هونەرمەند عەدنان کەریم ئاوازی بۆ داناوە. ڕێبین سالار کاری میوزیکی جێبەجێکردووە. ئیدیۆ کلیپی گۆرانیی "نیوەشەو"ی کەویار، لەلایەن ڕۆژ محەمەد کاری دیکۆر و دیزاینی بۆ ئەنجامدراوە و دیار کورد وێنەی بۆ گرتووە، هەروەها ئارام حەسەنیش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

کەویار هەورامی لە ساڵی ١٩٩٩ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، ساڵی ٢٠١٠ بەشداری پرۆگرامێکی تایبەتی مندالانی کردووە لەو کاتەوە بەهۆی دەنگییەوە بەشداری لە چەندین کاری هونەری و چاوپێکەتندا کردووە و گۆرانی بەشێک لە هونەرمەندە کۆن و دیارەکانی کوردی وتووەتەوە، لەم چەندڕۆژەی ڕابردووش یەکەم ئیدیۆ کلیپی بڵاوکردەوە.




کارزان فاروق
(لەبیرم کە)
بڵاوبیدەکاتەوە

وریشە عومەر

کارزان فاروق لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام دەربارەی نوێترین کاری هونەری خۆی لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت: ئەمساڵ کاروچالاکی زۆر بووە و دڵخۆشە بەوەی بە دڵی زۆربەی هەواداڕەکانی بووە و بووەتە جێگەی متمانەی بەشێکی زۆر لە هەواداڕەکانی، هەربۆ ئەمەش نوێترین کاری هونەری ئاشکراڕەکات کە کلیپێکە بەناوی (لەبیرم کە) و بەمزوانە بڵاویدەکاتەوە.کارزان دەربارەی گۆرانییەکە زیاتر دەڵێت: گۆرانی (لەبیرم کە) هۆنراوەی ئەحمەد محەمەدە و ماردین بەخت کاری ئاوازدانانی بۆ کردووە، لە ستۆدیۆی زانیار کارەکانی بۆ بەئەنجام گەیەنراوە.کارزان فاروق جگەلە گۆرانی بەشێوەی سینگڵ تراک لەگەڵ چەند هونەرمەندێک وەکو شاباز زەمانی و کەمال محەمەد گۆرانی دوێتی هەیە.

بەیاسای قەدەغەکردنی بڕژاندنی ماسی دا بچنەوە



هەندرێن موفتی –هاموژگ:

تێبینی لەسەر یاسای قەدەغەکردنی ماسی بڕژاندن بەدار، ئەم بڕیارەی کەلەلایەن وەزارەتی ژینگە دەرچوو لەبارەی ماسی بڕژاندن بەدار زۆر بەباشی ئەزانم، بەڵام ئەبوایە ئاسانکاری بکرایە، بۆئەوەی خاوان چێشتخانەکان بتوانن ماسی بە دار ببڕژێنن، بەمەرجێک دار لە دەرەوەی وڵات بکڕن. ئەگەر بێتو بڵێن دووکەڵی دار زیانی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ بەڵێ وایە، بەڵام زیانەکەی زۆرکەمە.ئەگەر ئەمڕۆ لە کوردستان تەماشا بکەین ئەبینین دووکەڵی سەیارە یاخود موولیدەی کارەبایی زۆر زۆرمەترسی داڕە بۆ سەرتەندروستی مرۆڤ نەک دووکەڵی دار، بەڵام لە ئەوروپا وجیهاندا بە دووکەڵی دار ماسی و زۆر گۆشتی دیکە ئەبرژێنن ،هەربۆیە داواکارم کەحکومەتی هەرێم بەم بڕیارەیدا بپچێتەوە و ئاسان کاری تێدا بکات. بۆ ئەوەی نە بێتەهۆی نان بڕینی کاسبکاران. بە ئومێدی ئەوەم هەر کەسێک لەکوردستان پارچە نانێکی هەبێ و پێی بژێیت. ژیانێکی خۆش بۆ گەلی کوردستانمان.

باکووری کوردستان... ناوچەیەکی نیشتەجێبوون مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2600 ساڵ لەمەوبەر



پلان بۆ ئەوە دانراوە لێکۆڵینەوەی ڕووکاری لەسەر گردی زەرناکی بکرێت کە دەکەوێتە باکووری قەزای ئەرجیشی سەر بە پارێزگای وانی باکووری کوردستان و وەک یەکەمین نموونەی ناوچەی نیشتەجێبوونی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵو دەخەملێندرێت کە لە سەر ڕووبەری نزیکەی 270 هێکتار زەوی بونیاتنراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار و 600 ساڵ لەمەوبەر. دڕێژی ئەم شارە دێرینە نزیکەی دوو کیلۆمەتر و نیو و پانیشی یەک کیلۆمەتر و نیوە.

بەسەر دەریاچەی وان و شارۆچکەی ئەرجیشدا دەڕوانێت. بەڕێوەبەری بنکەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی و مێژوویی دەڤەری وان لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی ئیستانبوڵ، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەرکان کۆنیار بە ئاماژەدان بەوەی کە لە ڕێگای مانگی دەستکردیشەوە ئەو شارە مێژوویییە دەبیندرێت، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە مەزندە دەکرێت 70هەزار کەس لەو شارەدا ژیابێت و گوتی: "یەکەمجار ئێرە لە سەدەی 19دۆزرایەوە و لە میدیاکان بڵاوکرایەوە بەڵام لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو خرایە لیستی شوێنەوارناسییەوە".

کۆنیار تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پلانیان بۆ ئەوە داناوە لێکۆڵینەوەی ڕووکاری لەسەر گردی زەرناکی بکەن و گوتی: «ئێرە وەک یەکەمین نموونەی ناوچەی نیشتەجێبوونی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵو دەخەملێندرێت کە لە سەر ڕووبەری نزیکەی 270هێکتار زەوی بونیاتندراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار و 600ساڵ لەمەوبەر».



باکووری کوردستان – جولەمێرگ.. بەفر ڕێگاوبانەکانی گرتووەو دەزگا پەیوەندارەکانیش ڕایدەمالن